دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٦٤٦، چوارشەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٣، ٤ی فێورییەی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕزگارکردنی کۆبانێ

خەبەری سـەرکەوتنی شـەڕڤانانی کورد و هێزی پێشمەرگە بە سـەر هێزی تیرۆر و دژی مرۆڤایەتیی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە شـاری کۆبانێ و پاککردنەوەی ئەو شـارەی کوردسـتان لەو هێزە تاوانکارە، خۆشی خستە دڵی هەموو کوردێکی نیشـتمانپەروەر و ئازادیخوازەوە. بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزن و گرنگە، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێم، هاوپەیمانان، پێشـمەرگە و شـەڕڤانانی خۆڕاگری مەیدانی شەڕە حیماسـییەکانی کۆبانێ، کەس و کاری شەهیدەکانی ئەو شـەڕە خوێناوییە و هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە لە دەسـتەبەر کردنی ئەو دەسکەوتە گەورەیەدا دەوریان گێڕاوە. ئاواتمانە ئەو سـەرکەوتنە سەرەتای سەرکەوتنی یەکجاری و خێرای هێزی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە هەموو خاکی کوردستان بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٧ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
٢٧ی ژانوویەی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی



چاوەڕێی دەرفەتێکین بۆ گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤



پەیامی بەڕێز کەریم پەرویزی ... ٥



پەیامی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ... ٦



تیرۆریزمی ئێران و مەرگی ئالبێرتۆ نایسمەن ١٠

# کۆماری کوردستان، پێشەوا و حیزبی دێموکرات لێک جیا ناکرێنەوە




خەڵکـی کوردسـتان، ئەندامـان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەسـت و نۆهەمین سـاڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت.

هەر بەم بۆنەیـەوە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنـج شـەممە ٢ی ڕێبەندانـی ١٣٩٣ لـە بنکـەی دەفتەری سیاسـیی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیـش بـە بەشـداریی ئەندامانی حیزب، پێشمەرگە و بنەماڵەکانیـان و میوانـەکان وەك بەڕێز مەسـعود تەك سـکرتێری گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردسـتانی باکوور ڕێوڕەسمێك بەڕێوە چوو.

لە بەشێك لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەفتەری سیاسـیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای پێشکەشـکردنی چەند وتەیەك سـەبارەت بە کۆمـاری کوردسـتان، ڕایگەیاند کە: «ئێمەی کورد لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی خۆماندا خەبات و تێکۆشـان بۆ ئازادیی ئینسانەکانیش دەکەین. دەبین بە نموونەیەکی بەرچاو کە سـتەممان لـێ دەکرێت بەڵام دیکتاتۆر بەرهەم ناهێنینەوە».

بەڕێز پەرویزی لـە درێژەدا هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵـی هێندێك کەس و لایەندا بۆ کەلێن خسـتن لـە نێو حیزبی دێموکرات و سـەرمایە مێژوورییەکانی ئەم حیزبە و کۆماری کوردسـتان و پێشـەوا قازی محەممەد وتی: «حیزبی دێموکرات فەرامۆش دەکرێت بە ئەنقەستیش فەراموش دەکرێت، بـۆ ئەوەی کە دەسـکەوتەکانی کۆمـاری کوردسـتان بە نـاوی دیکە و بۆ کەسـی دیکە سـەبت بکرێت، حیزبی دێموکرات لـە قەزییەکە دەربێنن ... بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان سێ ڕەهەنـدی تەواوکـەر و کامڵکەری یەك دیاردەی نەتەوەیین کە لێك جیا ناکرێنەوە و هەر جۆر هەوڵدان و تێکۆشانێك و کارکردنێك لەو پێنـاوەدا هەوڵ و تێکۆشـانێکی بێ ئاکام و هەوڵ و تەقەلایەکی بێ سـەمەر دەبێت».

لە بەشـێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشـی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە لایـەن «ڕۆژیـن بەهرامی» ئەندامی بەڕێوەبەریـی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە.

هەروەهـا لـە ڕێوڕەسـمێکی دیکەدا کـە ڕۆژی ٣ی ڕێبەنـدان لـە بنکەی ناوەنـدی ٣ی کوردسـتان بەڕێـوە چوو، بەڕێز محەممـەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێموکرات چەند وتەیەکی پێشـکەش کرد. ناوبراو بە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە بەرزەکانی پێشـەوا قازی محەممـەد ڕایگەیاند کە: «کەسـایەتیی پێشـەوا قازی محەممەد و خزمەتـە بەنرخەکانی وەك سـیمایەکی ناسراوی سیاسیی کورد، وەك کەسایەتییەك کە ژیـان و ئارەزووەکانی خۆی لە پێناوی ڕزگاریـی نەتەوەکەی و نیشـتمانەکەی بەخت کرد، ئێسـتاش ڕەمزی یەکیەتی و یەکگرتوویی هەموو تێکۆشەرانی کوردە».

بەڕێزیان هەروەها وێڕای جەختکردن لە سـەر بە بنەما دانانی وانەکانی کۆماری کوردسـتان بۆ بنیاتنانی داهاتووی ئێران و کوردسـتان ڕایگەیانـد: «پێویسـتە کۆمەڵانـی خەڵکی ئێـران و بەتایبەتی گەلانی ئازادیخواز و مافویسـتی ئێران و لە پێشـەوەی هەموویان، گەلی کورد کە پێشـەنگی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران بووە و لە پێناو گەیشـتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیدا ڕۆڵێکی مێژوویی بەرچاوی گێڕاوە، جارێکی دیکە ڕیزەکانـی خۆیان لـە دەوری پلاتفۆرمێك یان بەرنامەیەکی سیاسـیی هاوبەش ڕێك بخەن کە بتوانن بە یەکیەتی و یەکگرتوویی خۆیان، هەروەك چۆن نیزامی پاشـایەتیان پێچایەوە، تەخت و بەختی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بڕووخێنن».

دەقی تەواوی قسـەکانی بەڕێزان کەریم پەرویـزی و محەممەدنەزیـف قـادری لـە لاپەڕەکانـی ٥ و ٦ ئـەم ژمارەیەی ڕۆژنامەدا هاتووە.

## ئاڵمان چەک و ڕاهێنەری سەربازیی زیاتر دەنێرێتە کوردستان

بەپێی وتەی وەزیری بەرگریی ئاڵمان، پێشمەرگەکانی کوردسـتان بۆ جارێکی دیکە لە مانگی فێوریەدا چەك و موشکی دژەتانك وەردەگرن.

بە پێی ڕاپۆرتی دویچە وێللە، ئۆرزۆلا فۆن دێرلاین، وەزیری بەرگریی ئاڵمان ڕۆژی ١٢ی ژانویەی ٢٠١٥ سـەردانی کەمپی ڕاهێنانی هێـزی زێرەڤانیی لە نزیك شـاری هەولێر کرد. لەم کەمپەدا ڕاهێنەرە ئاڵمانییەکان فێرکاریی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگەکان دەکەن.

ئەنجومەنـی نوێنەرانی ئاڵمـان ڕەزامەندیی خۆی بەرانبـەر بە ناردنـی سـەربازە ئاڵمانییـەکان بۆ ئەم مەئموورییەتە دەربڕیوە.

٤٥٧ نوێنـەر لە کۆی ٥٩٠ نوێنـەری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئاڵمان ڕەزامەندیان دەربڕیوە لە هەمبەر ناردنی ڕاهێنەری سـەربازی بۆ کوردسـتانی عێراق. تەنیا ٧٩ کەس دژی ئەم کارە بوون. ٥٤ کەسـیش دەنگی سپییان بـۆ ئەم پرسـە داوە. دەوترێ لەوانەیـە زۆربەی دەنگە نارازییـەکان هیی نوێنەرانی حیزبـی چەپی ئاڵمان بن کە لەگەڵ هەر شـێوە مەئموورییەتێکی سـوپای ئاڵمان لە دەرەوەی وڵاتدا بە شـێوەی جیددی دژایەتی دەکەن. دەنگی زۆربەی نوێنەرانی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمانیش سپی بووە.

بەم پێیە، بەم زوانە نزیك بە ١٠٠ سەربازی ئاڵمانی وەك ڕاهێنەر دەنێردرێنە هەرێمی کوردستان تاکوو یارمەتیی پێشمەرگەکان بدەن لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داعشدا و فێری کەڵکوەرگرتن لە چەکە ئاڵمانییەکانیان بکەن.

ئێم ژ٣، موسەلسەلی چەندکارەی درووستکراوی ئاڵمان، لەو چەکانەیە کە نێردراونەتە کوردسـتان. سوپای ئاڵمان سـاڵی ڕابردوو هەزاران چەکی مودێڕن، چەکی سووك، چەکی هێرشبردن و بایی ٧٠میلیۆن یۆرۆ مووشەکی دژە تانکی میلانی داوەتە هێزەکانی پێشمەرگە.

## داعش لە دەوروبەری کۆبانێ بەرەو داڕمان دەچێ

هێزەکانـی پارێـزەری کۆبانـێ و هەروەهـا ڕێکخراوێکی چاوەدێر بە سـەر شەڕ لە سووریەدا دەڵێن، شـەڕڤانانی کورد بە پشتیوانیی ئاسمانیی هاوپەیمانان بـە ڕێبەرایەتیـی ئەمریکا خەریکی پاشەکشەکردن بە چەکدارەکانی داعشن لە گوندەکان و دەرەوبەری شاری کۆبانێ.

ئەم ڕاپۆرتە نوێیە لە ١٣ی ڕێبەندان، حەوتوویەك دوای ئەوە بـڵاو دەبێتەوە کـە پارێزەرانی کۆبانێ توانیان شـار لە ئیسلامگەراکان پاك بکەنەوە و ئەم شارە دوای ٤ مانگ ئازاد بکەن.

هەواڵدەریی ڕویتێرز لە زارای یەکێك لە وتەبێژانی شـەڕڤانانی کـوردەوە دەڵێت هێزەکانـی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ بەرەو داڕمانی تەواو دەچن.

ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ لە سووریە کـە بنکەکەی لـە لەندەنە، وتوویەتـی چەکدارە ئیسـلامییەکان تواناییەکی زۆریان بۆ بەرگری لە بەرامبەر پارێزەرانـی کۆبانێ نیە و ئەگەری هەیە لەوە زیاتریش پاشەکشێیان پێ بکرێ.

لە لایەکی دیکەوە، پارێزەرانی ئەم شـارە کە لە لایەن هێزی پێشـمەرگەی هەرێمی کوردسـتانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت، سەرقاڵی تێکهەڵچوونێکی قورس لەگەڵ داعشدان.

ڕویتێـرز لـە زاری ڕامـی عەبدولڕەحمـان، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤەوە دەڵێت، هێزەکانی داعش بە لە دەسـت دانی ٢٠٠٠ کـەس لە هێزەکانـی خۆیان لە شـەڕی کۆبانێدا، توانای کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شـەڕیان نیە و ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکانی داهاتوو لە دەوروبەری «ڕەقە» بنکەی سەرەکیی حکوومەتی ئیسلامیی داعش لە سووریە، روو بدەن.

### پەیڤ

ناهید حسێنی

خەبات بۆ سەروەری نەتەوەیی و پاراستن و ئازاد کردنی هەر بستێك لە خاکی کوردستان لە خۆیدا هەڵگری دەیان و سـەدان دیرۆکی قارەمانانە و حەماسییە کە جێی شانازیی ئەم گەلـەن. هەتا بووە کورد چۆکی بۆ دوژمنانـی ئاو و خاك و گەلەکەی دانەداوە و سەربەرزانە لە تاقیکردنەوە مێژووییـەکان هاتۆتـەدەرەوە. لە سەروبەندی ڕێز گرتن لە یادی دووی ڕێبەنـدان، سـاڵڕۆژی دامەزرانی یەکێك لە مەزنترین دەسکەوتەکانی گەلی کـورددا، دوایین چیرۆك و حەماسـەی قارەمانیەتی ئەم گەلە لەسەر خاکی پارچەیەکی ئەم خاکە بەرینە واتە ڕۆژئاوای کوردستان و شاری کۆبانێ نەخشا.

شـەرخوازانی «دەوڵەتـی ئیسـلامی» مـاوەی نزیـك بە چوارمانـگ کۆنترۆڵی شـاری کۆبانێیان گرتە دەست و لەو ماوەیەدا شەڕڤانان و پێشمەرگەکانی کوردستان لەخۆبردووانە و گیان لەسەردەسـت بۆ ئازاد کردن و بەدەسـتەوە گرتنی سـەرلەنوێی ئەو شارە خەباتیان کرد و بە سـەدان قوربانییان پێشـکەش بە بارەگای گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان کرد و لەو پەیوەندییەشدا ناتوانین نکوڵی لە ڕۆڵی کاریگەری هێزە ئاسمانییەکانی ئامریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی لەو سـەرکەوتن و دەسکەوتەدا بکەین . کۆبانێ ئازاد کرا، هەرچەند لەو شـارە ڕەنگینە تەنیا کاولاشی ماوەتەوە، بەڵام ئەو وێرانـی و خاپوور بوونەی شـاری کۆبانێ نەیتوانی ڕێگە لە شـادی و خۆشـیی سـەرکەوتنی خەڵکی خۆڕاگـری ئەو شـارە و خەڵکی کوردستان بە گشتی بگرێت.

دیـارە ئەو سـەرکەوتنە کۆتایی شـەڕ لە دژی هێزێکـی دڕندەی وەك داعش نابێت و وەك چاوەدێرانی سیاسی لێکی دەدەنەوە کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە نگریس و دژە مرۆییە چەندین سـاڵ دەخایەنێت و ئەوەش ئەرکی شەڕڤانان و پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان قورستر دەکاتەوە. یەکگرتوویی نەتەوەیی وەك خاڵێکی گرینگی مێژوویی خۆی دەنوێنێ و هەسـتیاریی قۆناغەکـە ئـەوە دەخوازێـت کە نەتـەوەی کورد لە هەرچوارپارچـەی کوردسـتان بە وشیاری و هەستیارییەوە بڕواننە ئەو دۆخەی بەسەریاندا سەپاوە.

وەك بینیشـمان پـاش بێ‌هیوا بوونیان لە گرتنی شـاری هەولێر و پاش ئەو شکسـتە گەورەیەی لە کۆبانێ ئەزموونیان کرد، ئەوجارەیان هەڵمەتیان بۆ شـاری کەرکووك برد و چـاوی چنۆکی تەماحیان بڕییە دڵی کوردستان، بەڵام بە هیمەت و خۆڕاگریی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردسـتان، لـەو هەڵمەتـەش

درێژەی لە لاپەڕە ٢

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ٣ی کوردستان

ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ٦٩ـەمین ســاڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردســتان لە ناوەندی ٣ی کوردســتان بەرز ڕاگیرا. ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشــداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، «مەســعوود تەك»، سکرتێری گشتیی پارتی سووسیالیســتی کوردستانی باکوور، ئەندامانی ناوەندی ٣ی کوردســتان، کادر، پێشــمەرگە و بنەماڵەکانــی حیزبی دێموکرات و هەروەها میوانان بە ســروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شــەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشــان «محەممەد نەزیف قــادری»، ئەندامی دەفتەری سیاســیی حیزبی دێموکرات، چەند وتەیەکی بە بۆنەی ســاڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە پێشــکەش کرد. لە بەشــێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ســروودێکی شۆڕشگێڕانە لەلایەن گرووپی هونەریی بەشــی پەروەردەی ناوەندی ٣ی کوردستان بە هاوکاریی کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکرات، لەژێر ناوی «بژی هەر کورد و کوردســتان» پێشــکەش کرا. پاشان «زەکیە ســدقی» ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردســتانی ئێران و بەرپرســی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ٣ی کوردستان، پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی پێشکەش کرد. نێوئاخنی ڕێوڕەسمی ســاڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستاندا، بە شێعر و پەخشان، سروود و گورانی و شادی و خوشی بەشداران ڕازایەوە.

## حیزبی دێموکرات لە سێمیناری ئاشتی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری نەکردووە

لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، ١٦ و ١٧ی مانگی ژانوویەی ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا (٢٧ و ٢٨ بەفرانباری ســاڵی ١٣٩٣ی هەتاوی) سێمینارێك لە ژێر ناوی ئاشتەوایی لە شارێکی وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو. بە پێویست دەزانین کە لە ڕێگای ئەم ڕوونکردنەوەوە هەموو لایەك ئاگادار بکەینەوە کە هیچ شاندێك یان نوێنەرێکی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سێمینارەدا بەشداری نەکردوە.

دەفتەری نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٠ی ژانوویەی ٢٠١٥ بەرانبەر بە ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی وەزیرێ ئەشۆ، بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی دوکتور خەسرەو عەبدوڵڵاهی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی مێژوونووسی ناوداری کورد «وەزیرێ ئەشۆ» کە لە وڵاتی بلژیك بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد. مێژوونووسی مەزنی کورد «وەزیرێ ئەشۆ» دۆستێکی نزیك و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بوو. ڕێورەسمەکە لە وڵاتی بلژیك بە بەشداریی سەدان کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەروەها نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بەڕێوەچوو. لە ڕێورەسمەکەدا پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی ، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دوکتور خەسرەو عەبدوڵڵاهی، پەیامی بنەماڵەی «وەزیرێ ئەشۆ» و چەندین پەیامی دیکە بە بۆنەی کۆچی دوایی مێژوونووسی تێکۆشەری کورد «وەزیری ئەشۆ» پێشکەش کران.

## لە چەند وڵاتی ئورووپایی و ئامریکا ڕێوڕەسمی٢ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وڵاتانی نۆروێژ، سویس، دانمارك، ئامریکا، سوید، ئوتریش و ڕۆژئاوای کانادا ڕێوڕەسمێ تایبەتیان بە بۆنەی ٦٩هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بە بەشداریی ئەندامانی حیزب، کەسایەتیی سیاسیی و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە بەڕێوە بردووە. ڕێوڕەسمەکان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکردوە. پاش بەخێرهاتنی میوانەکان، پەیامی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتانە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەکانەوە پێشکەش کراوە. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانەدا پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی خوێندەراونەوە.لەو ڕێورەسمانە دا چەندین شێعر و پەخشان و گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کراون. کۆتایی ڕێوڕەسمەکان بۆ هەڵپەرکی و شادی و خوشی بەشداران تەرخان کرابوو.

## دریژەی سەروتار

سەرشــۆڕانە و شکســت خواردوو گەڕانەوە. ئــەم ڕووداو و ئەزموونانە لە خۆیاندا هەڵگــری پەیامی یەك بوون و یەکگرتوویــی نەتەوەیین. دوژمانی گەلەکەمان لە دەســکەوتەکانی گەلەکەمان تۆقیون و ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ هەوڵی لەناوبردنی دەدەن. هەروەها پەیامێکی بۆ دوژمانی گەلەکەشــمان پێیە کە «گەلی کورد وەك ئاگر وایە، هەتا لێی نزیك بیت دەتوانیت لە گەرما و دۆســتایەتییەکەی سوودمەند بیت، بەڵام کە دەستت بۆ برد، ئاگرت تێ بەردەدا.».

## کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشووی حیزب



ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەر دوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشووی حیزب پێکهات. ئەم کۆبوونەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا ئاوڕێك بە سەر باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرۆسەی یەکگرتنەوە و هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی ئەم پرۆسەیە کرا. لە ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیەدا، کۆمەڵێك ڕاسپاردە و بڕیار درا کە لە دانیشتنەکانی داهاتوودا تاوتوێ بکرێن. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، لە دانیشتنی هەر دوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی پێشوودا، بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە سەر درێژەدان بە دیالۆگ و دانیشتنەکان جەختیان کردەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی کرد



ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری حیزب، سەردانی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومۆنیستی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی کۆمەڵە، بە سەرپەرستی «سەید ئیبراهیم عەلیزادە» سکرتێری ئەو حیزبە پێشوازیان لێکرا. لەو دیدارە دا لە سەر کۆمەڵێك پرسی پەیوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران و بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیی و هەریەك لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی و ئەو هەنگاوانەی کە دەکرێت لە داهاتوودا کاری لە سەر بکرێت بۆ هاوفکری و هاوکاری لایەنەکان باسی لێکرا و هەر دوو لایەن ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لەو بارەیەوە خستە بەر باس. بەڕێز مستەفا هیجری لە بەشێك لە قسەکانیدا لە سەر ئێران، وتی: ئەو قەیرانانەی ئێران درێژەی قەیرانەکانی ٣٦ ساڵەی حوکمڕانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی خۆی تووشی بووە و جیاوازییەکەی لەوە دایە کە ئێستا لە لایەن ڕۆژئاواییەکان گەمارۆی ئابووری بە سەردا سەپاوە و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت گوشاری زیاتریان خستووەتە سەری و قەیرانەکانی زیاتر بووە. ئێمە چاوەڕوان دەکەین لە داهاتوودا ئێران تەسلیم دەبێت و ئیمتیازی زیاتر بە ڕۆژئاواییەکان دەدات هەتا گوشارەکانی لە سەر کەمتر بێتەوە و بتوانێت گرووپە تێرۆریستیەکانی وەك حیزبوڵڵا کە تێچوویەکی زۆری ئابووریان بۆ ئێران هەیە و هەروەها شەڕی سووریە ئیدارە بدات. دوو شاندی ئەو دیدارە لە سەر پرسی ناوخۆی ئێران هاوڕا بوون کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران هەر لە ئێستاوە هێندێك کەس و لایەن بازارگەرمی بۆ دەکەن و دەیانهەوێت بەڵێنە پشتگوێ خراوەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە بیر خەڵك ببەنەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارە دا سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان و چۆنیەتی هەڵویستی لایەنەکان لە مەڕ خەباتی نەتەوایەتی لەو بەشانەدا و ئەو مەترسییانەی لە سەر ناوچەکە هەن هەر دوولا هاوڕا بوون کە هەڵوێستی هاوبەش و ڕاشکاوانەتریان هەبێت.

## شاندێکی نوێنەرایەتیی «KCK» سەردانی دەفتەری سیاسی حیزب کرد



ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێك بە نوێنەرایەتیی کۆما جڤاکێن کوردستان «KCK»، بە سەرپەرستیی «فەرهان ئامارا» سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆیە کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی «محەممەد نەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارەدا، سەرەتا شاندی میوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لەو چاوپێکەوتنە، هەڵگری سڵاو و ڕێزی سەرۆکایەتیی «کەجەکە» بۆ سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوون. پاشان «فەرهان ئامارا» باسێکی سەبارەت بە دۆخی ئەم دواییەی کورد بە گشتی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بە تایبەت پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی کوردانی ڕۆژئاوا و باشوور بەرانبەر بە گرووپی تیرۆریستیی داعش و شەری تیرۆر، کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان هاوخەباتی و پشتیوانیی خۆیان بۆ پاراستنی خاك و کەرامەتی کورد بە تایبەتی لە شەنگال و کۆبانێ ڕاگەیاند. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بە ئازادیی شاری کۆبانێ و سەرخستنی ئیرادەی بەرخودان و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا کرد.

لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە، سەرپەرستی شاندی نوێنەرایەتیی کۆما جڤاکێن کوردستان وتی: کە سەرەڕای ئەوەی کە «دەوڵەتی تورکیە دیهەوێ وا نیشان بدات کە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پرۆسەیە دایە بەڵام لە ڕاستیدا دوای دوو ساڵ تێپەرین بە سەر ئەو پرۆسەیە تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکییان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستە هەڵ نەگرتووە. پاشان، محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و سەرپەرستی هەیئەتی حیزب لەو دیدارەدا وێڕای پیرۆزبایی ئازادکردنی کۆبانێ لە شاندی میوان و هاورێیانی کەجەکە و گەلی کورد بە گشتی، هیوای خواست کە ئەو سەرکەوتنە سەرەتای سەرکەوتنی یەکجاری و خێرای هێزی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی دەولەتی ئیسلامی (داعش) لە هەموو خاکی کوردستان بێت. بەڕێز قادری هەروەها لە درێژەدا وتی: حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای ساڵەکانی ٧٠ - ٨٠ی میلادییەوە لە سەر ئەسڵی خەباتی هاوبەش و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد بە گشتیی پێداگری کردووە و لەو باوەڕەدایە کە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کورد بە گشتیی لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بن. هەروەها ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پێوەندی هەر هێزێکی سیاسیی کورد لەگەڵ دەولەتێکی داگیرکەردا نابێت لە سەر حیسابی کوردی ئەو بەشە بێت. ناوبراو هەروەها ڕایگەیاند کە نابێت هیچ هێزێکی سیاسی دەستێوەردان لە کار و باری پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکات کە ئەمە سێ ئەسڵی بنەڕەتی لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتن.

لە بارەی ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان هەردوو شاندی ئەم چاوپێکەوتنە لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ ڕێگا بە کاریگەربوونی سیاسەتی مرۆڤکوژانەی ڕێژیمی ئێران لە هیچ یەك لە بەشەکانی کوردستاندا نەدرێت و پێش بە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیم بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بگیردرێت. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەردوو لایەنی کۆما جڤاکێن کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بەهێزتر کردنی پێوەندی و هاوخەباتی نێوانیان پێداگرییان کردەوە.

## دیداری شاندی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و نوێنەری سوسیال دێموکراتەکانی سوید

ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بیروبۆچوون و هەلومەرجی کوردستان شاندی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی «حەمید تەیموری» و هاوکاریی کاك ئاسۆ ساڵح سەردانی پارلەمانی سویدی کرد و لەگەڵ نوێنەری پێوەندییە نێونەتەوییەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئەو وڵاتە خاتوو «ئاندرینە وینتر دیدار و چاوپێکەوتنیان کرد. لە سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا، باسێکی کورتی هەلومەرجی سوسیال دێموکراتەکان لە وڵاتی سوید و بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی ناوبراو و کەندوکۆسپەکانی بەردەم ئەم حیزبە کرا. پاشان لە سەر داعش و ئەو کەسانەی کە لە سوید چوونەتە ڕیزی داعش و هەندێکیان گەڕاونەتەوە بۆ سوید و دەوڵەت چۆن لە گەڵ ئەم تێروریستانە هەڵسوکەوت دەکات، باس کرا. کێشەی نەتەوەکانی ئێران وەك کورد، عەرەب، بەلووچ و ئازەری و تورکمەن و مەزهەبەکانی وەك مەسیحی، ئەرمەنی، جوولەکە و یارسان کە مەزهەبێکی کۆنی کوردە، لەو دیدارەدا هاتنەبەرباس. هەروەها مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانی شاری ورمێ تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم چاوپێکەوتنەی پێك هێنابوو. نوێنەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سووسیال دێموکراتی سوید، «ئاندرینە وینتر» سەرەڕای ئەوەی کە لە گەڵ بیر و بۆچوونی شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات هاوڕا بوو، باسی ئەوەی کرد کە ناوچەکە زۆر ئاڵۆز بووە و ئەوانیش تا ڕادەیەك هەلومەرجەکە تەمومژاوی دەبینن. لە کۆتاییدا جەخت لە سەر بەردەوامیی پێوەندییەکان کرا و نوێنەری پیوەندییەکانی حیزبی سووسیال دێموکرات هیوای خواست کە چاوپێکەوتنە دوو لایەنەکان درێژەی هەبێت و زانیاری لە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێی بدرێت.

## بەشداریی شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ڕێکخراوی کورد و ساید – چاک

ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوی کورد و ساید– چاك، لە شاری «لوڤەن»ی وڵاتی بێلژیك دەستی بە کارەکانی کرد و ماوەی ٢ ڕۆژی خایاند.کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوی کورد و ساید – چاك بە کۆنگرەی «شەنگال و کۆبانێ» وەك نوێترین جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد، ناودێر کرابوو. شاندی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی عەلیئەشرەف مورادی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی، بەفەرمی بۆ کۆنگرە بانگهێشت کرابوون کە عەلی ئەشرەف مورادی لەو کۆنگرەدا بەشداری کرد و پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش بەکۆنگرە کرد.

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

بە بۆنەی ٦٩ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، یەکەمین دەوڵەتی مودێڕنی کوردی بە دەستی پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە شاری مەهاباد، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی پوستری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، نوسینی دروشم و هەڵدانی ئاڵای کوردستان، بە شێوەیکی بەربڵاو چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردوە. ئەو چالاکییانە لە کاتێکدا بەڕێوە چوون کە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، هێزێکی زۆری چەکدار لە شار و ناوچەکانی کوردستان جێگیر کرابوون. بە هۆی زۆر بوونی شوێن و ناوچەکان، لێرە دا تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. شارەکان بریتین لە: سنە، کامیاران، ورمێ، شنۆ، مەریوان، سەقز، مەهاباد، نەغەدە، پاوە، پیرانشار، بۆکان، سەلاسی باوەجانی، سایین قەڵا و هاوشار.

(بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ٢ی ڕێبەندان، سەردانی سایتی «کوردستان میدیا» بکەن).

## قوتابخانەکان لەسەر گیرفانی قوتابیان ڕێوڕەسمی «دهەفجر» بەڕێوە دەبەن

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، بەپێی بەخشنامەیەك کە بە سەر تێکرای قوتابخانەکانی پاریزگای ورمێدا بڵاو بۆتەوە، داوا کراوە کە ڕێوڕەسمی «دهەفەجر» بەبێ ئەملاولا و لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا، دەبێ بەڕێوە بچێت. بە گوتەی چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو بەخشنامەیە لە کاتێکدا دراوەتە قوتابخانەکان و جەخت لەسەر بەڕێوەچوونیشی کراوەتەوە، کە نزیك بە تێکرای قوتابخانە دەوڵەتییەکان لەگەڵ کەمیی ئیمکاناتیی پەروەردەیی بۆ قوتابییەکان بەرەوڕوو بوونەتەوە. لە سەرەتای کرانەوەی قوتابخانەکانەوە هتا ئێستا چەندین جار و هەر جارەی بە بیانوویەکەوە پارەیان لە قوتابیان وەرگرتووە. بەرپرسی قوتابخانەکان تەنانەت بۆ ڕەنگ کردنی قوتابخانەکان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی حکوومەتیی «دهەی فەجر» پارەیان لە قوتابیان ئەستاندووە.

## مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز مانیان گرت

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ڕۆژانی ٣٠ی بەفرانبار و ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاویدا، سەرەرای فشاری ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئیران بۆ سەر مامۆستایان و چالاکانی پیشەیی پەروەردە و فێرکردن لە شاری سەقز، بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی کوردی ئەو شارە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە دۆخی نالەباری مامۆستایان، لە چوونە سەر پۆلەکانی وانە وتنەوە خۆیان بوارد. هەروەها لە شارەکانی سنە، مەریوان، کامیاران، بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، شنۆ، ورمێ و نەغەدە، بەشێك لە مامۆستای قوتابخانەکان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە سیستمی پەروەردە، تێکەڵ بە ڕەوتی مانگرتنەکە بوون و خۆیان لە وانە گوتنەوە بواردووە.

## شاندی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات سەردانی پارلمانی سویدی کرد

ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، هەیئەتی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی حەمید تەیمووری سەردانی پارلمانی وڵاتی سویدی کرد و لە گەڵ ئەندام پارلمانی سوسیال دێموکراتەکان «ئانا لێنا سوێرنسون» کە ئێستا بەرپرسی «نێت وۆرکی سویدی ـ کوردی»یە چاوپێکەوتنیان کرد. باسی هەلومەرجی کوردستان بە گشتیی، و شەڕی داعش دژ بە کورد و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیران لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەك، نانەوەی شەڕ و پشتیوانی لە گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچە و هاندانی حیزبوڵڵا دژ بە ئیسرائیل و نانەوەی شەڕ لە لوبنان و پشتیوانی بەشار ئەسەد و دەستێوەردان لە عێراق و ناردنی هێزی وەك سپای بەدر و ڕێکخراوی خوراسان و هاتوچۆی قاسم سلێمانی لە ناوچەکە و کوردستانی باشووردا تەوەری باسەکانی ئەم دیدارە بوو.

## کرێکارانی پێترۆشیمیی مەهاباد دەستیان دایە مانگرتن

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کرێکاران و فەرمانبەرانی پێترۆشیمیی مەهاباد، حەقدەستی ٣ مانگیان وەرنەگرتووە. ئەو کرێکارانە دوای پێنەدرانی مووچەی ٣ مانگەیان لە لایەن بەرپرسانی پێترۆشیمی، دەستیان دایە مانگرتن. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، کرێکارانی پێترۆشیمیی مەهاباد جگە لە وەدواکەوتنی مووچەکانیان، کارئاسانییان لە باری بیمەوە بۆ نەکراوە و ئەوە لە حاڵێکدایە کە کرێکارەکان هەموویان خێزاندارن و هیچ کار و داهاتێکی دیکەیان نییە. لە کۆی ٧٠٠ کرێکاری ئەو کارخانەیە، تەنیا ٤٠ کەسیان کوردن.

## پیشانگایەکی وێنەکێشانی منداڵان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی پیشانگایەکی وێنەکێشانی منداڵان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٩ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە لایەن ناوەندی نێرگز بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ، لە ساڵۆنی گشتییدا بەڕێوە چوو.لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئەو پێشانگایەدا خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی ڕۆژهەڵات و منداڵانی باخچەی ساوایان و بنەماڵە و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی ئەو پێشانگایەیان کرد. سەرکەوتوانی ئەم پیشانگایە لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و ناوەندی ٣ی کوردستان، خەڵات کران.

## لە پارێزگای ورمێ مووچەی خانەنشینی بە مامۆستایانی قوتابخانەکان نادرێت

بە هۆی پێنەدرانی مووچەی خانەنشینی، ماموستایانی قوتابخانەکانی پاریزگای ورمێ ناچارن بگەڕێنەوە سەر پۆلەکان و درێژە بە وانە وتنەوەیان بدەن. بەپێی یاساکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماموستایانی قوتابخانەکان دوای ٢٥ ساڵ لە وانە وتنەوەیان لە قوتابخانەکان بە مەرجی قەبووڵی ئیدارە، خانەنشین دەکرێن. ڕاپۆرتەکان لە پاریزگای ورمێ باس لەوە دەکەن ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە ساڵی ڕابردوو خانەنشین کراون، ٩٠٠ مامۆستایە. مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەی کە خانەنشین کراون، بە هۆی ئەوەیکە ڕێژیمی ئێران مووچەیان پێ نادات، ناچار گەڕاونەتەوە قوتابخانەکان و درێژە بە خزمەتەکانیان دەدەن. ئەو مامۆستایانە داوایان کردووە دوای ٢٥ سال خزمەت خانەنشین بکرێن،بەڵام کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیم پێیان ڕایانگەیاندوون، لە ئەگەری بەڵێنی بە وەرنەگرتنی «پاداشی دوای خزمەت» لەگەڵ خانەنشین کردنیان موافیقەت دەکرێت.

## ڕێژیمی ئێران لە شاری سەقز مۆرەیەکی خۆی کوشت

ڕێکەوتی ١١ی ڕێبەندانی١٣٩٣ی هەتاوی،، ڕەحمان باشماخی کە بە مەبەستی چاککردنەوەی ماشێنەکەی بەرەو شاری سەقز بەڕێ کەوتووە، لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران کوژراوە.بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ناوبراو بەرەنگاری هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بووەتەوە و لە ئەنجامی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا سەرەڕای دەستکردنەوە، ناوبراو کوژراوە و چەند کەسی لە هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران کوشتووە. ڕەحمان باشماخی تەمەن ٥٣ ساڵ و کەم ئەندام بووە و ناوبراو پێشتریش هاوکاریی سپای پاسدارنی ڕێژیم و دەزگا ئەمنییەکانی کردبوو و دەستی لە ئازار و ئەزیەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبووە.

## کاسبکارێکی کورد بە هۆی تەقینەوەی مین کوژرا

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا»، ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، دوو کاسبکاری کورد کە بە مەبەستی دابینکردنی بژیوی ژیانیان، لە کێوەکانی ناوچەی مەریوان بۆ کۆکردنەوەی ڕووەکی دەرمانی دەچن، بە هۆی تەقینەوەی مین کاسبکارێکیان بە ناوی «ئیقباڵ شەریفی» تەمەن ٤٠ ساڵ گیانی لە دەست داوە. هەروەها کاسبکارەکەی دیکە بە ناوی «ئیبرٍاهیم تام» تەمەن ٢٥ ساڵە بە توندی بریندار بووە

## ئیدارەی ئەماکێنی سەقز، مامۆستایەکی قوتابخانەی ڕادەستی دادگە کرد

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، یەکێك لە چالاکانی پیشەیی – مەدەنیی شارستانی سەقز بەناوی سلێمان عەبدی لە لایەن ئیدارەی ئەماکێنەوە ڕادەستی دادگای ئەو شارەوە کرا. ئەو مامۆستا کوردە کە بانگهێشتی دادگای ئەو شارە کراوە، تۆمەتی «شێواندنی بیروڕای گشتیی» دراوەتە پاڵ. ناوبراو ئەو تۆمەتەی ڕەت کردۆتەوە و سەرئەنجام بە دانانی بارمتەی ٢٠ میلیون تمەنی ئازاد کراوە.

## بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران کاسبکاریک کوژرا

ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆڵبەرێك بە ناوی «عەلی محەممەد ئارا»، تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی مەهاباد بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە هەنگی سنووریی پیرانشار کوژراوە. هەروەها کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «عەبدووڵلا محەممەدئارا» بریندار بووە. هەروەها لە ڕێکەوتی ٤ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی دزئاوەر سەر بە بەخشی نەوسوودی پاوە بە ناوی «شادمان سەحرایی» کوڕی ئەحمەد، خێزاندار، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم لە سنووری دزئاوەر بریندار کراوە و بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کرماشان گوازراوەتەوە.

## لە پیرانشار دوو کۆڵبەری کورد لە سەرمادا ڕەق هەڵاتن

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی ئیبراهیم محەممەدزادە، تەمەن ٤٠ ساڵ، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «شێلم جاران» و ئیبراهیم پایمەرد، تەمەن ٢٧ ساڵ، کوڕی ڕەحمان و خەڵکی گوندی «خورینچ»، لە کوێستانەکانی «بەربنێ»ی پیرانشار و لە شوینێك بەناوی (کانی خودا) لە بەفر و سەرمادا گیانیان لەدەست دا. ئەو دوو کاسبکارە کوردە، لەسەر سنوور سەرقاڵی کۆڵبەری بوون، کە بەهۆی سەرمای لە ڕادەبەدەر و بارینی بەفر، ڕەق هەڵاتوون.

## لە مەهاباد دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە «کوبرا جەوانمەرد» کچی «ڕەحیم جەوانمەردی قازی» و دایکی شەهید «عەلی قازی» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. «شەهید عەلی قازی» ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بووە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە شوێنێك بەناوی میراوا پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو. دایە «کوبرا جەوانمەرد» کەسێکی دڵسۆز و فیداکار بوو کە بەردەوام بە هۆی ئەوەیکە هاوسەر و کوڕەکەی پێشمەرگەی حیزب بوون لە ژێر زەخت و گوشاری ڕێژیمی ئێراندا بوو و دوو جار لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا و خرایە بەندیخانە و پاشان لە زێد و نیشتمانەکەی بۆ شاری دامغان دوور خرابووەوە. تەرمی دایە کوبرا جەوانمەرد لە نێو ئاپۆڕای خەڵك و دۆستان و ئاشنایانی لە شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری «دایە کوبرا» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئیبراهیم ڕەمەزانی، باوکی «شەفیع ڕەمەزانی»، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و «مارف رەمەزانی»، پێشمەرگەی حیزب لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. تەرمی ئیبراهیم ڕەمەزانی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی ژاوەرۆی سنە و بنەماڵە و کەس و کاری گەڕایەوە «ئەوێهەنگ» و بە خاك سپێردرا. ژیانی ئیبراهیم ڕەمەزانی لە ماوەی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا پڕبوو لە ئەزیەت و ئازار و دەستبەسەر کردن و بەردەوام لە ژێر چاوەدێری هێزەکانی ڕێژیمی ئێراندا بووە. شەفیع ڕەمەزانی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایك بووە و چووەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە گیراوە و لە گرتنگەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەبێت . دوای شەهید کرانی «شەفیع ڕەمەزانی» کوڕێکی دیکەی مام ئیبراهیم بە ناوی «مارف ڕەمەزانی» بۆ درێژەدان بە ڕێگای برا شەهیدەکەی، هاتووەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و هەتا ئێستاش لە سەنگەری خەبات و بەرخوداندایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی ئیبراهیم ڕەمەزانی و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕووداو

# چاوەڕێی دەرفەتێکین بۆ گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دیمانە: ڕووداو

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەراورد بە جارانی پێشوو کە لەبارەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنەکەی دیموکرات پرسیارم لێکردووە، ئەمجارە زۆر گەشبین دیاربوو. ئەو هیواداره لەسەردەمی سکرتێریی خۆیدا ئەو ناکۆکییە نێوخۆییەی حیزبی دیموکرات کۆتایی بێت و دەشڵێت وڵاتانی ئەوروپاییش داوایان لێکردوون ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات یەکبخەنەوە.

**ڕووداو: هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنەکەی دیموکرات بەکوێ گەیشتوون؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە پێشنیازمان کردووە بنەما و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوایین کۆنگرەی پێش جیابوونەوە بوو، ڕاپۆرتی کۆنگرەش کە بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی بەشدار پەسەندکرا، بکرێنە بناغەی دەستپێکردنی وتووێژەکانی نێوانمان و ئێستاش لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسە دانوستاندنەکان درێژەیان هەیە و بڕیاریشە لە داهاتوودا دەفتەری سیاسی هەردوو لایەن بە بەشداری سکرتێرەکان کۆببنەوە.

**ڕووداو: لەسەردەمی سکرتێریی ئێوەدا جیابوونەوەکە ڕوویدا، هیوایەکتان هەیە کە هەر لە سەردەمی سکرتێریی خۆتاندا یەکگرتنەوە ڕوویدات؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ ئەو هیوایە هەیە و بێگومان وەك چۆن ئەو دابڕانە خەڵکی بێزار کرد، بۆ منیش وەکو بەرپرسێك لە هەمووان زیاتر بەوە نارەحەت بووم و یەکگرتنەوەیەك کە لەسەر بنەمای دروست بنیات بنرێ و زەمینەی ئەوە پێکبێنێ کە جیابوونەوەیەکی دیکە بەو فۆرمە نەیەتە ئاراوە، ئارەزووی منە و هەر ئەوە دەتوانێ برینی جیابوونەوە سارێژ بکاتەوە.

**ڕووداو: مەترسی ئەوەتان هەیە کە حکومەتی ئێران کۆسپ بخاتە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیارێکی بەهێزی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە لەدانیشتنەکان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا و هەروەها لە دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری حیزبی خۆشماندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئێمە تاوەکو دوایین قۆناغی وتووێژەکان کە بە ئەنجامێکی کۆتایی دەگەین، باشتر وایە وردەکارییەکان لە ڕاگەیاندندا باس نەکەین. یەکێك لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە من ئاگادارم کۆماری ئیسلامی زۆر بە جیدی بەدواداچوون دەکات بۆئەوەی بزانێ بابەتی یەکگرتنەوە بەکوێ دەگات. ئەگەر ڕێژیمی ئێران بۆی بکرێ کە بەداخەوە ئیمکاناتیشی زۆرە، هەوڵدەدا کێشە بخاتە نێو پرۆسەی دانوستانەکە. مەبەست لەوەی کە نامانەوێ ئەو شتانە بڵاوبنەوە، ئەوە نییە کە شتی نهێنیمان هەبێ و بمانەوێ لە خەڵکی بشارینەوە. ئێمە لەبەر ویستی خەڵك و بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرینەوە، بەڵام هاوکات کە خەڵك دۆستمانە و پێی خۆشە یەکگرتوو بین، کۆماری ئیسلامیش نەیاری ئێمەیە و کەڵك لەو باسکردنانە وەردەگرێت.

**ڕووداو: حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەرگرتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئێوە هیچ هەوڵێك دەدەن؟**

**مستەفا هیجری:** هەروەکو لەسەرەتای جیابوونەوەکە بەڕێز مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵیاندا یەکبگرینەوە، کە بەداخەوە جێبەجێ نەبوو، ئێستاش ئەو حیزب و لایەنانەی یەکڕیزیی کوردیان دەوێ، هەمیشە داوایانکردووە و هانمان دەدەن یەکبگرینەوە، بەڵام بۆخۆشمان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ یەکبگرینەوە.

**ڕووداو: خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ماوەیەك لەمەوبەر کە سەردانی ئەمریکای کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت کە حکومەتی واشنتن داوای لێکردوون حیزبی دیموکرات یەکبگرێتەوە، ئەمریکا یان وڵاتانی دیکە داوایەکی بەو شێوەیان لە ئێوەش کردووە؟**

**مستەفا هیجری:** تا ئێستا ئەمریکا داوایەکی لەو شێوەیەی لە نوێنەری ئێمە نەکردووە، بەڵام هەندێك وڵاتی ئەوروپایی کە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە، ئەو داوایەیان لێکردووین.

**ڕووداو: دوای جیابوونەوە، هەندێك جیاوازی سیاسیش لەنێوان دوو لایەنەکەی دیموکرات بەدی دەکرێ، ئەوە دوای یەکگرتنەوە بۆتان نابێتە کێشە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر ڕۆژێك یەکبگرینەوە کە هیوادارم وابێ، لەسەر بابەتە جیاوازەکان قسە دەکەین و لەنێوخۆماندا دەیانخەینە بەرباس و بیروڕایان لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکەین. گرینگ ئەوەیە بزانین دوای ٣٥ ساڵ، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەنەکان ڕوون بووەتەوە کە ئەو حکومەتە مافی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نە بۆ گرینگە و نە دەیەوێ لەگەڵیان ڕێکبکەوێ.

دوای دەستبەکاربوونی حەسەن ڕۆحانیش وەکو سەرۆك کۆمار و سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك بەڵێنیشی دان، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێك ڕووینەداوە. ئەوان وەکو نەتەوە بە فەرمی دان بە کورددا نانێن و هیچ نیشانەیەك لەگۆڕێدا نییە بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لەرێگەیەکی ئاشتیانەوە چارەسەر بێت. تەنانەت ئەو گوتوبێژانەش کە کاك خالید عەزیزی باسی کردوون، دواتر وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ڕایگەیاند کە لەچوارچێوەیەکی ئەمنیدا بوونە.

**ڕووداو: ئێران کە دەیگوت حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە هەڵوەشاونەتەوە، هۆی چی بوو باسی دانوستاندنیان لەگەڵ ئەو حیزبانە هێنایەوە گۆڕێ؟**

**مستەفا هیجری:** هۆکاری زۆرن. یەك لەوان ئەوەیە کە دەیانەوێ کێشە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروست بکەن. کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر لەگەڵ لایەنێك قسە بکات، بەوە کێشە و ناکۆکی دەخاتە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە ئەوان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەو جوڵانەوە مەدەنییەی ئێستا پێکهاتووە، بێ کاریگەری بکەن.

**ڕووداو: ئێوە لەبارەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئێران هیچ ناکۆکییەکتان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پەیدا بووە؟**

**مستەفا هیجری:** لەگەڵ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا چەندین دانیشتنمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو هەبووە، بەڵام هیچکات باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە کە بۆ وتووێژتان کردووە یان لەوێدا باسی چیتان کردووە.

**ڕووداو: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشنیازی بە ئێوە و چەند حیزبێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە پێکەوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەستن، بەباشی دەزانن ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ؟**

**مستەفا هیجری:** یەکگرتنی کورد بە پێویست دەزانین بەتایبەت لەسەردەمی ئێستادا. وەکو ئەوکات بۆ کۆنگرەی نەتەوەییش هەوڵی زۆرماندا سەربگرێ، بۆ کۆنگرەی خۆرهەڵاتی کوردستانیش ئەو بۆچوونەمان هەیە. بەڵام ویست و ئارەزوو و پێویستی لەگەڵ واقیع جیاوازە کە ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسی دەبێ ئەو جیاوازییانە ببینین. گرینگ ئەوەیە بزانین ئەو پرۆژە و بۆچوونانە تاوەکو چەند دەرفەتی جێبەجێکردنیان هەیە و ئێمە چەندمان هەوڵ بۆ داوە. هەروەك بینیمان کۆنگرەی نەتەوەیی بەهۆی ئەوەی کە بەستێنی بۆ نەڕەخسابوو، سەری نەگرت. کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتیش هەر بەو جۆرەیە. جیابوونەوەکانی نێو کۆمەڵە و جیابوونەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆسپێك بوونە لەبەردەم نزیکبوونەوەی ئەو حیزبانە و هێشتاش نەمانتوانیوە ئەو کۆسپە هەڵبگرین.

ماوەیەك هەوڵماندا بەرەیەك پێکبێنین، بەڵام تێیدا سەرنەکەوتین لەبەر ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە جیابوونەوەکان پێکیانهێناوە. پێموایە پێش باسکردنی کۆنگرەیەکی لەوجۆرە پێویستە ئەو حیزبانەی لێك جیابوونەتەوە هەوڵبدەین ئەگەر یەکیشنەگرنەوە، لانیکەم بکرێ لێکنزیك بنەوە و پێکەوە کار بکەن. ڕاستییەکەی لەباری سیاسییەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی ئێران، کۆنگرەی خۆرهەڵات لە ئێستادا بە شتێکی عەمەلی نازانم.

**ڕووداو: هەست دەکرێ پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؟**

**مستەفا هیجری:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پەکەکە پەیوەندییەکی باش بووە و کێشەی تێدا نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەهاری ڕابردوو لەگەڵ بەڕێز جەمیل بایك لە قەندیل کۆبوومەوە، پەیوەندییەکان گەرموگوڕتر بوونە و تاوەکو ئێستا چەندینجار وەفدی پەکەکە سەردانی ئێمەی کردووە و لەبارەی پرسەکانی ڕۆژ و تایبەت بە کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کردووە.

**ڕووداو: لەو دواییانەدا وەفدێکی پەکەکە سەردانی کردوون و باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵ کردوون، وەڵامتان چی بوو؟**

**مستەفا هیجری:** لەدوایین دیداردا باسی زیندووکردنەوە و کارکردن بۆ کۆنگرەی نەتەوەییان کرد. ئێمەش لەگەڵ ئەوە هاوڕاین، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بەستێنی جێبەجێکردنی هەیە یان نا. لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی نەتەوەییش لە سەلاحەدین باسمکرد کە گەورەترین بەلا و گەورەترین کۆسپ کە دەتوانێ ئەو کۆنگرەیە بێ ئاکام بکات، پرسی هەژموونخوازییە و بەداخەوە دیتمان کە وابوو، تاوەکو ئێستاش هەروایە. تا ئەو کاتەی حیزبێك بیەوێ ڕێوشوێن بۆ حیزبێکی دیکە دیاری بکا، یان بەشێکی کوردستان بیەوێ ڕێوشوێن بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان دیاری بکات، ئەو جۆرە هەوڵانە سەرناگرن. ئێمە دەمانەوێ کۆنگرەی نەتەوەیی لە خزمەتی نەتەوەی کورددا بێت و هەموو بە مافی یەکسان لەو کۆنگرەدا بەشدار بن و کۆنگرەکە بە یەکسانی ئاوڕ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بداتەوە. لە ڕەوشی ئێستای سیاسی کوردستاندا ئەوە نابینم و وەڵاممان بۆ پەکەکەش ئەوە بووە و هیوادارین کە ئەو بەستێنە بڕەخسێت. ئەگەر لایەنێك بیەوێ ئەو کۆنگرە پێکبێ و بیخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆی، من دەڵێم سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر سەرکەوتووش بێ نابێتە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە کۆنگرەی حیزبێك.

**ڕووداو: دروشمی کۆنگرەی ١٤ تان کە زیاتر لە شەش ساڵ لەمەوبەر بەسترا، بە جەماوەریکردنی خەبات بوو، توانیوتانە ئەو دروشمە بێننەدی؟**

**مستەفا هیجری:** بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشە ئەمنییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و ئەو گوشارەی کە لەسەر تێکۆشەرانی کورد لەوێ هەیە، تا ڕادەیەك خەبات بووەتە جەماوەری. ئێستا دەبینین کە چەندین ڕێکخراوی مەدەنی و NGO پێکهاتوون و خەڵك لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی کەڵك وەردەگرێ. هەر لەو ڕۆژانەدا لەهەندێك شار خەڵك بۆ پشتیوانی لەزیندانیانی سیاسی مانگرتووی ورمێ دوکان و بازاڕەکانیان داخست.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ ئێوە پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ چالاکڤانانی مەدەنی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە؟**

**مستەفا هیجری:** لەپێشدا دەبێ پێناسەیەکی چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی بکەین. بە بۆچوونی ئێمە چالاکڤانانی سیاسی کورد لەنێوخۆ ئەو کەسانەن کە لە هەموو دەرفەتێك کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی خواست و داخوازییەکانی کورد بێننەگۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن. ئێمەش پشتیوانییان لێدەکەین و دەمانەوێ بەهێزیان بکەین و پێمانوایە کە تێکۆشانی چالاکڤانانی مەدەنی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات، نەك هەر لەگەڵ حیزبەکان ناتەبا نییە بەڵکو تەواوکەری یەکترین، بەڵام ئەو پشتیوانییە بە ئاشکرا نییە، چونکە دەکەونە ژێرگوشاری ناوەندە ئەمنییەکان. جگە لەوانەش، هەندێك خەڵك بەناوی چالاکی سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا سەرهەڵدەدەن کە دەیانەوێ ڕواڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕازێننەوە و ڕواڵەتی دیموکراتیکی پێبدەن و بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان، پروپاگەندە بۆ ڕێژیم دەکەن کە ئێمە ئەوان بە چالاکڤانی سیاسی نازانین.

**ڕووداو: عەلی یونسی، یاریدەدەری سەرۆك کۆماری ئێران بۆ کاروباری پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەماوەی ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەك چالاکڤانی سیاسی کورد کۆبووەتەوە، ئەو دانیشتنانە چ ئاکامێکیان دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** لەوەتای ڕۆحانی هاتووەتە سەرکار و یونسی ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دوو دانیشتن کراوە: یەکیان لەگەڵ ئەو لایەنەی پێی دەڵێن بەرەی یەکگرتووی کورد و یەکێکی دیکەش لەگەڵ ژمارەیەك هەڵکەوتە و چالاکڤانی مەهاباد بووە. ئێستا کە جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات زەقتر بووەتەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بڵێ کە سەرقاڵی گوتوبێژە بۆ چارەسەری پرسی کورد.

لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەدەچێ و دەیانەوێ بەڵێنەکانیان لەبیر خەڵك ببەنەوە و پێیان بڵێن هێشتا کار لەسەر بەڵێنەکانیان دەکەن و دەیانەوێ خەڵك ڕابکێشن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و ئەو دانیشتنانە لەچوارچێوەی بازارگەرمی بۆ هەڵبژاردن دەبینم. پێمواییە بەڵێنەکانی ڕۆحانیش جێبەجێ بکرێن، چونکە تاوەکو ئێستا چەندینجار بەڵێن بەخەڵك دراوە لانیکەمی داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام هەمیشە ڕەوشی کورد خراپتر بووە.

**ڕووداو: هیچ پلانێکتان هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئێران؟**

**مستەفا هیجری:** لە دانیشتنەکانی دوایی دەفتەری سیاسیدا باسمان لەوە کردووە کە بەدواداچوون بۆ ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بکەین، بەڵام هێشتا دیار نییە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە دەکەین.

**ڕووداو: پێتان باشە دووبارە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران پێکبێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ پێمان باشە لە پەرلەمان یان هەر شوێنێکی دیکە کە دەنگی دەبیسترێ، دەنگی کورد بێتە ئارا و ستەمەکانی سەر کورد باسی لێبکرێت.

**ڕووداو: بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئێستا بەرەوپێش دەچێ یان بەرەو پاش؟**

**مستەفا هیجری:** سەرەڕای هەموو زەخت و زۆرێك کە لەسەریەتی، لە هەموو کات زیاتر بەرەو پێش دەچێ و نابێ زۆر ڕواڵەتەکان لەبەر چاو بگیرێن. گرینگ ئەوەیە کە لەژێرەوە خەڵك ئامادەیی هەیە بۆ ناڕەزایی دەربڕین و لە هەموو مەجالێك بۆ ئەو مەبەستە کەڵك وەردەگرێ.

**ڕووداو: دابەزینی بەهای نەوت چ کاریگەری لەسەر داهاتووی ئێران دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** ڕەوشی ئابووریی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێ. ڕێژەی بێکاری زیاتر بەرزبووەتەوە.

نرخی نان کە پێداویستی سەرەکی ڕۆژانەی خەڵکە نزیکەی ٤٠ لەسەد بەرزبووەتەوە. ڕاوێژکاری بەرزی ڕێبەر خامنەیی دانی بەوەدا ناوە کە ئابووریی ئێران بە ڕادەیەك خراپە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیش لەسەری لابچن، هێشتا بەهۆی دابەزینی بەهای نەوت لە دۆخێکی خراپدا دەمێنێتەوە. جگە لەوانەش ئێستا کە بەپێی پلان نرخی نەوت دابەزیوە، کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لەجاران ترسی لێ نیشتووە. ڕێژەی هەناردەی نەوتی ئێرانیش ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی خراپبوونی چاڵە نەوتییەکان و نەبوونی تەکنیکی سەردەمیانەی بەرهەمهێنانی نەوت، کەمتر دەبێتەوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەو بڕە پارەیەی کە لە فرۆشی نەوت دەبێ وەریبگرێ، بەدەستی ناگات و لەجێگەی پارە وڵاتانی وەکو هیند، ڕووسیە و چین کەلوپەل و کاڵای پێدەدەن. ئەوانەش بوونەتە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی زیاتری داهاتی ئێران کە بە لەبەرچاوگرتنی تێچووەکانی ئەو ڕێژیمە بەتایبەت ئەو خەرجانەی کە کۆماری ئیسلامی لەچوارچێوەی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەیکات، وەکو دابینکردنی تێچووی شەڕی سووریا، پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماسی فەلەستین و چەندین گرووپی دیکە، فشاری زۆر خراوەتە سەر ئابووریی ئێران.

**ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ئەو کێشە ئابوورییانەوە ناڕەزایەتی جەماوەری سەرهەڵبدات؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ ئەو ئەگەرە لەئارادایە. ڕاستە کۆمەڵێك کەس کە لە ترۆپکی دەسەڵاتدان و ئەو وڵاتە بەهەموو شتێکەوە بە هی خۆیان دەزانن و گەندەڵی دەکەن و خەڵك دەکوژن، بەڵام خەڵکی ئێران وەکو خەڵکی کۆریای باکوور نین کە ڕێژیم توانیبێتی لە قاڵبیان بدا. خەڵك ناڕازین و لەگەڵ زیادبوونی ناڕەزایییەکان نابێ پێمان وابێ کە خەڵك هەروا قبوڵی دەکات، پێموایە دەگاتە خاڵێك کە وەختێك ژیانی بۆ نامێنێتەوە، ئامادەیە خۆشی بەکوشت بدات بۆ ئەوەی کە ڕزگاری بێت.



# پەیامی بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەست و نۆیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب




خوشك و برایانی بەڕێز، میوانان و بەشداربووانی ئازیز وێڕای ڕێز و سڵاوی بێ پایان.

لێرە کۆ دەبینەوە هەموو ساڵێك بۆ ڕێز گرتن لە یادی دیاردەیەکی مێژوویی گرینگ کە ٦٩ ساڵ لەمەوبەر لە شارە جوانەکەی کوردستان لە مەهاباد کۆمارێکی دێموکراتیك لەدایك دەبێت و ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی دەخولقێت، کۆماری کوردستان دیاردەیەکی گەورە و گرینگی مێژوویی و سیاسییە، لە مێژووی نەتەوەی کورددا، کە دەورێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە لە مێژووی نەتەوەیەکدا کە بە سەدان ساڵ چەوساوەتەوە و زیاتر لە سەدەیەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بۆ گەیشتن بە مافەکانی تێدەکۆشێت و دەیهەوێت بیسەلمێنێت کە نەتەوەیەکە کە بوونی هەیە و ناتوێتەوە، ٦٩ ساڵ لەمەوبەر لە چرکە ساتێکی مێژوویی گرینگدا کیانێکی سیاسی لەدایك دەبێت کە دەبێت بە هێمایەك، دەبێ بە سیمبولێك بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە و ستەملێکراو کە لەسەر ئەساسی ئەو هێما و ئەو پێگەیە بوونی نەتەوەیی خۆی دەسەلمێنێت. دوژمنانی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن و هەوڵییان داوە کە بڵێن کورد نەتەوە نیە لەو پەڕەکەیدا گەلانێکن کە خاوەنی وردە کەلتوورێکن کە دەتوانرێت بە ٤ دانە درووشمی سادە و ٤ هەڵپەڕکێ و گۆرانی فریویان بدەیت و بەو هەڵپەڕکێ و گۆرانیانە ڕازی ببن، بەڵام کورد و کوردستان، کورد وەکوو نەتەوەیەك و کوردستان وەکوو کیانێکی سیاسی جوغرافی بۆ ئەوانەی کە لەو کیانەدا دەژین سەلماندوویانە کە نەتەوەیەکن کە خاوەنی مافی ئینسانی خۆیانن خاوەنی مافێکی نەتەوەیین و کۆماریان دامەزراندووە، کۆمارێك کە کیانێکی مۆدێڕن و ئەمرۆییە، دەسەڵاتێکی عەشیرەیی، دواکەوتووانە و سەرەڕۆیان دانەمەزراندووە، دەسەڵاتێکی کۆماری و دێموکراتیکیان دامەزراندووە کە بڵێین لەگەڵ ئەوەی کە ستەممان لێ کراوە لەگەڵ ئەوەی کە سەدان ساڵە دیکتاتۆرەکان و سەرەڕۆکان لەسەرمان زاڵ بوون و بە هەموو شێوەیەك چەوساندوویانەتەوە و هەوڵیان داوە لە نێو ئێمەدا خۆیان درووست بکەنەوە دیکتاتۆرمان تێدا بار بهێننەوە بەڵام ئێمە وەکوو ئەوان نین ئێمەی کورد لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی خۆماندا خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ئینسانەکانیش دەکەین. دەبین بە نموونەیەکی بەرچاو کە ستەمان لێ دەکرێت بەڵام دیکتاتۆر بەرهەم ناهێنینەوە دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لە شێوازی کۆماریدا بەرهەم دێنینەوە، لە لایەکی دیکەوە لەو چرکە ساتە مێژوویەدا، کە لە گۆڕەپانی مەزنی چوارچرای مەهابادا ئیعلامی جمهووری کوردستان دەکرێت بە دەست و بە فکر و بە هێزی ئەندێشەی مرۆڤێکی تێکۆشەر، گەورە ڕێبەرێکی مێژووی کوردستان ئەو کۆمارە ڕادەگەیندرێت، بە دەستی پێشەوای نەمر پێشەوا قازی محەمەد وەکوو ڕێبەرێکی کارامە و لێوەشاوە و شارەزا. ئێمە بە دەیان جار و بە سەدان جار لە مێژووی نەتەوەکاندا و لە مێژووی نەتەوەی کوردیشدا زۆر جار ڕووداوی لەو چەشنەمان بینیوە، دەرەتان و هەڵکەوتەی سیاسی مێژوویمان بینیوە کە ڕەخساوە بۆ نەتەوە جیاوازەکان و بۆ نەتەوەی کوردیش، بەڵام ئەو دەرەتانانە، ئەو هەلانە لە کیس چوون، یان بە شێوازێکی نادرووست کەڵکیان لێ وەرگیراوە و بە زەرەری کورد و کوردستان شکاوەتەوە، بەڵام لە ١٩٤٦دا لەو دەرەتانە سیاسی و مێژووییەدا کە لە ناوچەکەدا دەڕەخسێت، ڕێبەرێکی کارامە و لێوەشاوە وەکوو پێشەوا قازی محەمەد ڕێبەرایەتی جەریانێکی سیاسی بە دەستەوەیە و کیانێکی سیاسی نەتەوەیی دادەمەزرێنیت کیانێك کە بۆ ئێستا و بۆ داهاتووی ئەو نەتەوەیە بووە بە بەڵگەی سەلماندنی نەتەوەیەك، بووە بە جێگای شانازی ڕۆڵەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێ، ئەوانە ڕۆڵی ڕێبەرێ کارامە و لێوەشاوە و سیاسی نیشان دەدەن، کە لە دەرفەتەکاندا، لە هەلە مێژووییەکاندا، چۆن ئیستفادە بکات، چۆن کەڵکی لێ وەربگرێت و لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەییدا هەوڵ بدات، لە بیری تەسکی کەسایەتی گرووپایەتی عەشیرەتی دەرباز ببێت و بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی لە بەرچاو بێت، داهێنانی هەبێت و لە دەرفەتەکان کەڵك وەربگرێت، باس لە کۆماری کوردستان و باس لە قازی محەمەد، بێ باس کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی کورت و باسێکی ناقس و باسێکی ناکامڵە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ئۆراگانیزاسیۆنێکی مۆدێڕن کە خەڵك و هێزە تێکۆشەرەکان بە دەوری یەکدا کۆ دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات و لە پێناوی یەك ئامانجی هاوبەشدا بەرنامەیان بۆ دادەڕێژێت، دەیکات بە خاوەنی ئۆرگانیزاسیۆنێکی داهێنەر، بە بێ حیزبێکی وەها وەکوو کۆماری دێموکراتیك، وەکوو کۆماری کوردستان ناخوڵقێت بۆیە کۆماری کوردستان، پێشەوای نەمر و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سێ ڕەهەندی تەواوکەری یەك دیاردەی مێژوویی سیاسین، نە لە یەك جیا دەکرێتەوە و نە بێ یەك دەتوانێت باس لە مێژوو بکەین، بە تەواوەتی و بە کامڵی پێکەوە دەبن بە یەك دیاردەی گرینگ، دەبن بەو کۆمارە، دەبن بەو دیاردە گرنگەی کە ئەمڕۆ لێرە کۆ دەبینەوە و ڕێزی لێ دەگرین، خۆشیی دەکەین بەو بۆنەوە و بە سەدان و بە هەزارن کەسی دیکە لە سەرتاسەری جیهاندا لە کوردستاندا ڕێز لەو یادە گرینگە دەگرنەوە ئەوانە بە بێ هاوکاری بە بێ پێکەوە کارکردن و بە بێ لێکدانەوەی هەمەلایەنەی هەرسێ ڕەهەندەکە ناتوانین بگەین بە ئاکامێکی دروست و بڵێین لێکدانەوەیەکی دروستمان کردووە و یەکیان بە بێ ئەوەی دیکە دەیتواتی سەرکەوتوو بێت. ڕێبەرێکی لێوەشاوە ئۆرگانیزاسیۆنی مۆدێڕن و ئەمڕۆیی، کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکان کۆمارێکی دێموکراتیکی لێ دەکەوێتەوە، کۆماری دێموکراتیکی کوردستان هەر وەکوو باس کراوە و دەیزانین زۆر هەنگاوی گرینگی لە مێژووی نەتەوەی کورددا هەڵگرتووە، یەکەم هەنگاوی گرینگی کە باسمان کرد سەلماندنی بوونی سیاسیی نەتەوەییەکە، کە خاوەنی مافی سیاسی نەتەوەییەتی کە کەس ناتوانێت حاشای لێ

## یەکێک لە گرینگترین کارەکانی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە هەوڵ دەدات هێزێکی نیزامیی بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان دروست بکات بە ناوی هێزی پێشمەرگە

بکات. کارێکی گرینگی دیکەی، هەڵکردنی ئاڵایەکە بە ناوی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان کە سیمبول و هێما دروست دەکات، کاری دیکەی فێرکردن و بارهێنانە بە زمان کەلتوور و پەروەردەیەکی کوردی و پەروەردەیەکی نەتەوەیی بە زمانێکی کوردستانیە، کارێکی گرنگی دیکەی ڕێکخستنی هێزی نیزامی کوردستانە لە ژێر ناوی پێشمەرگەدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستان دێتە ئاراوە، یەکێك لە گرینگترین کارەکانی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە هەوڵ دەدات هێزێکی نیزامیی بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان دروست بکات بە ناوی هێزی پێشمەرگە کە هێزێکی یەك دەست بێت و زۆر کاری گرینگی دیکە و هەنگاوی سیمبولیکی دیکە کە لە مێژوودا تۆمار کراوە و خوازیاران و ئۆگرانی کۆمار دەتوانن ئەوانەی شارەزان و ئەوانەی کە خوازیارن و حەزیان لێ بێت دەتوانن بە دوای بکەون، بەڵام بە کورتی لێرەدا ئاماژەمان بەو دەسکەوتە گرینگانە کرد، یەکێکی دیکە لە دەسکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان، دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکە لە ناوچەکەدا، هەر وەکوو لە مێژوودا باس کراوە یەکەم کارێکی خراپ و خەلاف کە لە کۆماری کوردستاندا ڕوو دەدات تەنها یەك خاڵ بووە و تەنها یەك تاوانی دژە یاسایی ئەنجام دراوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو خەڵکە، ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆیان دەزانن. لە ئەمنییەت و ئاسایشی کۆمارەکە و خاکەکە، خەڵکەکە تێدا بەشدارن و بە شێوەیەکی خەڵکی بەڕیوە دەچێت، باس کردن لە کۆماری کوردستان، باس کردن لە دەسکەوتە گرینگەکانی بە بێ ئاماژە کردنی خاڵە لاوازەکانی ڕەنگە لێکدانەوەیەکی نادروست بێت، ئێمە لێرەدا بۆ ئەوە کۆ نەبووینەتەوە کە خاڵە لاوازەکانی باس بکەین، لێرە کۆ بووینەتەوە تاکوو ڕێز لەو یادە گرینگە بگرین، ڕێز لەو دەسکەوتە مێژووییە بگرین، بەڵام پێویستە کە هەندێك لەو خاڵە لاوازانەش ئاماژە پێ بکەین بۆ ئەوەی کە پێویستمان بە دەرس وەرگرتن لە مێژوو هەیە، یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی کۆماری کوردستان وەك باسمان کرد خاڵێکی گرینگی ئەوە بوو کە هەوڵ دەدات هێزێکی نیزامی، نیشتمانی، نەتەوەیی، دروست بکات بە نێوی هێزی پێشمەرگە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەو هەنگاوە خاڵی لاوازیشی تێدا هەیە، خاڵە لاوازەکەی ئەوەیە کە هێشتا کۆمەڵگاکە نەگەیەشتوە بەو ئاستەی کە هێزێکی نیزامی پۆڕفیشناڵی ئەمڕۆیی تێدا دروست بکرێت کە یەك دەست بێت، کەموکۆڕیەکانی لەوێدا دەردەکەوێت دەبینیت کە هەندێك لەو هێزی پێشمەرگە لە واقیعدا هێزی سەر بە عەشایەرن، چەکداری عەشایەرەکانن کە فەرمان لە سەرۆك عەشیرە وەردەگرن لە باتی ئەوە کە فەرمان لە سپاسالاری هێزی پێشمەرگە بگرن و لە ڕەوتی مێژووی کۆماردا خاڵە لاوازەکانی دەردەکەوێت چونکوو ئەو هێزە لە باتی ئەوەیکە هێزێکی یەك دەستی نیزامی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاراستنی نەتەوەی کۆماری کوردستان بێت لە مەراحلێکدا لە قۆناغەکانی مێژوویدا ئەو هێزانە بە فەرمانی سەرۆك عەشیرەتەکەی خۆیان دەجووڵنەوە و دەبینیت لە هەندێ شوێن ئەو هێزانە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی کۆمار ئەجوڵێنەوە کە ئەوە ئەزموونێکە بۆ ئێمە کە لە ئێستا و داهاتوودا کەڵکی لێ وەربگرین. یەکێکی دیکە لە کەموکوڕییەکانی دیکەی کۆماری کوردستان بەرتەسك بوونەوەی کۆمارە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا. هەموو بەشەکانی کوردستان هەموو خاکی کوردستانی ئێران ناگرێتەوە ئەوەی کە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەمێنێتەوە هۆکاری مێژوویی و سیاسی خۆی هەیە و بە بێ هۆکار نەبووە، بەڵام خودی ئەوە زەرەر بە کۆمار دەگەیەنێ و کۆمار لاواز دەکات کە لە کاتی پێویستدا هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو شوێنەکانی کوردستان دەتوانن پێکەوە پشتیوانی یەکتر بن بەڵام چوونکە لە ناوچەیەکی بەرتەسك قەتیس ماوەتەوە بێبەش دەبێت لە پشتیوانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی ئێران.

یاد کردنەوە لە کۆماری کوردستان بە بێ یادکردنەوە لە ڕۆڵ و کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر بیری نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەك کوردستانی عیراق، تورکیە و سوریە و بێ ئاماژە کردن بە دەوری شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی ئەو بەشانە لە کۆماری کوردستاندا باس کردنێکی ناقس و ناکامڵ دەبێت کۆماری کوردستان لەو چرکەساتەی مێژوودا کە دادەمەزرێت لەناکاو و بێ پێشینەی مێژوویی نەبووە. هەر وەك دەزانین خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتێکی دوور و درێژە لە کوردستانی باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە هەموو بەشەکاندا خەبات هەبووە، تێکۆشانی نەتەوەیی هەبووە و لە قۆناغی جۆربەجۆردا و لە هەر قۆناغێکدا یەك لە بەشەکان پێشەنگ و پێشەنگایەتی خەباتی کردووە. کۆماری کوردستانیش دەتوانین لە درێژەی ئەو خەباتە نەتەوەییە لە سەرتاسەری کوردستاندا ببینین. بەڵام خودی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئەو هێما و سیمبولانە کە لە کۆماری کوردستاندا لەدایك دەبێت کاریگەری لە سەر بیری خەباتگێڕانە و نەتەوایەتی تیکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەبێت کە دەبینین سروود و ئاڵا و ناو و هێمای کۆماری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەنگ دەداتەوە و ڕەنگ دەداتەوە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەکوو هێمایەکی نەتەوایەتی کەڵکی لێ وەردەگیردێ و ڕێزی لێ دەگرن و پیرۆزە، هاوکات لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا تێکۆشەرانی کورد دەور و ڕۆڵییان

درێژەی لە لاپەڕە ٦

رۆژەڤ

## بەشار ئەسەد لە خەوی غەفڵەتدایە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «واشینگتۆن پۆست» وتارێکی لەسەر ڕووداوەکانی سووریە لە ژێر ناوی «لەگەڵ بەشدار ئەسەد لە بارەی شەڕی نێوخۆیی سووریەوە وتوویژم کرد. ئەو هێشتا بۆ کۆتاییهێنان پێی لە خەوی غەفڵەتدایە» بە قەڵەمی «جاناتان تێپێرمەن» بڵاو کردووەتەوە.

لە سەرەتادا هاتووە: «لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەی پەنانەکی دەستیان کردووە بە گۆڕینی هەڵوێستیان لەمەڕ سووریە. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما وێدەچێ بە تەواوی وازی لە داخوازیی دەستلەکارکێشانەوەی بەشار ئەسەد وەکوو پێشمەرجی وتووێژەکانی ئاشتی هێناوە. لە جیاتی ئەوە، ڕاپۆرتەکان وا نیشان دەدەن کە قامك لەسەر پێشنیارگەلێك دانراوە کە ڕێگە بە ئەسەد دەدەن ببێتە بەشێك لە ڕێککەوتنێکی کاتی. ئەم لێڕوانینە نوێیە دەریدەخات کە کۆشکی سپی و هاوپەیمانەکانی لەو بڕوادان کە سەرکۆماری سووریە ڕەنگە سازشێکی قبووڵ بێت کە بتوانێ کۆتایی شەڕی نێوخۆیی چوار ساڵەی وڵاتەکەی بێنێ.»

نووسەر دواتر دەنووسێ: «لە ٢٠ی ژانویەدا لە دیمەشق چاوم بە ئەسەد کەوت، ئەوە یەکەمین وتووێژی بوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی لە ٢٠١٣ بەملاوە. ئەگەر شتێکی ڕوون لە وتووێژەکەماندا ـ دەقی تەواوی وتووێژەکە لە بەشی «کاروباری دەرەوە»دا بخوێننەوە ـ بووبێ، ئەوە بوو کە: وەها هیوایەك فانتازیایە. لە نیگای یەکەمدا ئەسەد زۆر شتی ڕاستی گوت، وا نیشانی دا کە دەیەوێ بارودۆخە ئارام بێتەوە و تینووی بەشداریی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانە لە شەڕەکەی بە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی. بەڵام لە بن ئەو وشە جوانانەوە، ئەو ئەمرۆکەش هەر کەسێکی ڕەق و نەچەماوەیە ڕێك بەو جۆرەی چوار ساڵ لەمەوبەر لە سەرەتای شەڕی نێوخۆیی سووریە وابوو. وا دیارە ئەسەد هیچ بیرۆکەیەکی لەوە نیە کە شەڕەکە چەندە خراپ دەچێتە پێش، پێشنیارەکانی چەند ناکردەکین و ئەو پێشنیارانەی بۆ هاریکاری دەیدات، چەندە بێمانان. مەبەستی ئەوەیە کە هەر کاتێك ڕێبەرانی ڕۆژئاوا بیانهەوێ، شەڕکردن لە سووریە لە دوو ڕێگەوە کۆتایی پێ دێت، واتە یان ئەسەد ڕاپەڕیوەکان شکست بدات، یان ڕاپەڕیوەکان شکستی بدەن.»

نووسەر چەندین پاراگراف بۆ باسی بینینەکانی خۆی لە ماڵوێرانییەکانی شەڕ لە کۆڵان و شەقامەکان دیمەشق تەرخان دەکات.

لە کۆتاییدا هاتووە: «بەڵام سەرەڕای هەموو قسەکانی ]ئەسەد[ لەمەڕ بەرژەوەندیی هاوبەش، کاتێك لە نێو وتە ناڕوونەکان و خۆدزینەوەکانی دەگەڕی و بەدوای هۆکاردا دەگەڕی، بە باشی ڕوون دەبێتەوە کە ئامادە نیە هیچ شتێك لە پێناو پێکگەیشتنی هەر دوو بەرەکە بدات. لە کۆتایی ڕۆژەکەدا، دەکرا ببینرێ کە سەرەڕۆیی بە ڕێگەیەکی کۆتاییهێنان بە شەڕەکە دەزانێ. پێی وایە هەموو دوژمنانی لە ناوچەکە و لە ڕۆژئاوادا دەبێ مل بە باشییەکانی ئارگۆمێنتە سەیروسەمەرەکانی خۆی بدەن. ئەگینا تا ئەو کاتە، لە کوشتن بەردەوام دەبێت».

سەرچاوە:
Washingtonpost.com

# پەیامی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی شەست و نۆیەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان



خوشك و برایانی بەڕێز هەموو لایەکتان بەخێر بێن!

ئەمڕۆ جارێکی دیکە لێرە کۆبووینەتەوە ڕێز لە جێژنی ٢ی ڕێبەندان، ٦٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە شاری مهاباد شاری خەبات و بەرخۆدان و شاری کوردایەتی لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەنگ و پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دامەزرا بگرین. بەم بۆنە پیرۆزەوە لەم جێژنە نەتەوەیی و سیاسییەدا لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم و هیوادارم هەموو ڕۆژێکتان جێژن و شادی و خۆشی بێت.

خوشك و برایانی بەڕێز!

ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی سیاسیی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەو واقعییەتەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆڵەکانی کورد بە درێژایی مێژووی سیاسی و بە درێژایی خەبات و قوربانیدانیان لە هەر هەلێکی زێڕین و دەرفەتێکی لەبار بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە و توانیویانە لەو دەرفەتە لەبارەدا ئاڵای سەربەخۆیی و سەرکەوتنی ئامانجەکانیان بە ڕای گشتی بگەیەنن و ئیرادەی گەل بەسەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی و دوژمنانی کورد و کوردستاندا زاڵ بکەن. پاش ئەو پاشاگەردانییەی کە لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئێران پێکهات و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤١ی هەتاوی کە لە شومال و جنوبی ئێرانەوە هاتنە ئێران دەرفەتێکی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد و بۆ بزووتنەوەی گەلانی ئێران و پرۆسەی دێموکراسی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هاتە ئاراوە، لەو هەلومەرجەدا بوو کە حکومەتی ڕەزاخان بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ هێزەکانی وڵاتانی میحوەر، ئاڵمانی نازی و ئیتالیای فاشیست پێوەندی بوو، ئەو وەزعییەتەی کە لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە لە واقعدا هێزی هاوپەیمانەکان ئامریکاییەکان و بریتانیاییەکان و ئیتحادی جەماوەری شۆرەوی ئەوکات هێنایە سەر ئەو ڕایە کە ئێران بە هەرحاڵ نەیتوانیوە سیاسەتی بێ لایەنی خۆی بپارێزێ و هێزەکانیان ئێرانیان داگیر کرد. لەو پێوەندییەدا بۆ گەلانی ئێران و بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سێ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکافەوە دەست پێکردبوو هەلێکی ئاوا هاتە ئاراوە کە بتوانن لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا ئاڵای کوردستان بەرز ڕاگرن و کۆماری کوردستان ڕاگەیەنن. لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ پێشەوا قازی محەممەد لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداری هەموو تێکۆشەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەروەها بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی، کۆماری کوردستان یا بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی جمهوری کوردستان ڕایگەیەنێ.

کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ماوەی تەمەنی کورت بوو و زیاتر لە ١١ مانگی نەخایاند، بەڵام توانی لەو ماوە کەمەدا بزووتنەوەی کورد و ڕێبازی کوردایەتی بە شێوەیەکی مۆدێڕن ڕێك بخاتەوە و بتوانێ بزووتنەوەی کورد بخاتە سەر سیستمێکی سیاسی مۆدێڕن کە تا ئێستاش پەیامەکانی کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ڕێبەر و ڕێنیشاندەری بزووتنەوەی کوردە بەگشتی. کۆماری کوردستان توانی زمانی کوردی بکات بە زمانی فەرمی ئیداری لە کوردستان و هەروەها قوتابییەکان لە قوتابخانەکانی کوردستان. فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ببووژێنێتەوە و دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە لەو ماوە کەمەدا بڵاو بکرێتەوە. سپای میللی کوردستانی پێك هێنا لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوەیەکی مۆدێڕن و بە ساز و نیزامێکی ئەوڕۆییەوە ڕێك خران و لەلایەن ئەفسەرانی نیشتمانپەروەری کوردەوە بۆ باری نیزامی و لایەنی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی و بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان ڕێکخران. پەیامی هاوخەباتی و پێکەوە ژیانی بە گەلانی ئێران ڕاگەیاند و لەگەڵ گەلی تورك توانی لەسەر بنەمایەکی سیاسی و جوغرافیایی لەسەر خاڵی هاوبەش ڕێکەوتننامەیەك مۆر بکات کە تا ئێستاش بۆ هەر دوو گەلی کورد و تورك لە ئێراندا بنەمایەکی پێکەوە ژیان و ڕێبازێکی ئاشتیخوازانەن کە لە داوڕۆژیشدا دەتوانێ میکانیزمی ئەو پێکەوەژیانە بێت. کۆماری کوردستان پەیامی نەتەوەیی بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕاگەیاند پەیامێك کە توانی بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی کورد لە دەوری ئاڵای کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کۆ بکاتەوە، ئەگەر چاو لە مێژوو بکەین و لە ئەو دیکۆمێنتانە بکەین کە لەسەر کۆماری کوردستان و لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان و هەڵوێستەکانی کۆماری کوردستان نووسراون یەك واقعییەت بۆ هەموو ئێمە دەردەکەوێت و ئەو واقعییەتەش ئەوەیە کە پێشەوا قازی محەممەد سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان لە تەواوی دانیشتنەکانی لەگەڵ دیپلۆماتەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی ئەوکات و ڕێبەرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە بۆچوونی ئەوان ئەوە بوو کوردستانی ئێران بەشێك بێت لە ئیدارەی حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە بەرامبەر ئەواندا هەڵوێستی لێبڕاوانەی گرت و داوای کردووە بزووتنەوەی کورد وەك فاکتەرێکی سەربەخۆ و حکوومەتی کوردستان وەك حکوومەتێکی سەربەخۆ کە شوناسی نەتەوەیی کوردی پێوە دیار بێت ڕێز لێ بگرن و بە هیچ جورێك لە جۆرەکان ئەو سیاسەتەی ئەوانی قەبووڵ نەکردووە و ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەگەر ڕۆژێك قەرار بێت کورد ئیدارەی خۆی گرێ بدات بە حکوومەتی میللی ئازەربایجانەوە، بۆ بە دەوڵتی مەرکەزی ئێرانەوە گرێ نەدات؟ ئەوە ئەو واقعییەتە دەردەخات کە ئیرادەی پێشەوا و ئیرادەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانن، لەبەر هۆوییەتی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی و ئیرادەی گەلی کورد پێداگریان کردبوو. هەر ئەم بیرۆکە نەتەوەییە بوو کە تێکۆشەرانی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە دەوری ئامانجەکانی کۆ کردەوە، بەهاناوە هاتن و خزمەت کردنی بارزانییەکان بە ڕێبەری نەمر مستەفا بارزانی، خەبات و تێکۆشانیان لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و بەرنگاربوونەوەیان لە بەرابەر هێزەکانی داگیرکەری دەوڵەتی مەرکەزی و مقاومەت و بەرخودانیان بەشێکی حاشا هەڵنەگرن لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان، هاتنی ئەو پۆلە تێکۆشەرە ئەفسەرەی لە باشووری کوردستانەوە بۆ خزمەتکردنیان بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نموونەیەکی زیندووی ئەو هاوخەباتیە نەتەوەییەیە، بەشداری دەیان ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە شاری مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان و خزمەتە

درێژەی لە لاپەڕە ٧

درێژەی لاپەڕە ٥

هەبووە و لە هەموو بەشەکانەوە تێکۆشەرانی کورد هاتونەتە مەهاباد و لە کۆماری کوردستاندا لە دامەزراندنیدا لە سەقامگیرکردندا و لە شەڕکردن و شەڕ لە پێناو مانەوەیدا دەوریان هەبووە کە وەك لە مێژوودا باس کراوە پێویستە باس لە ئەفسەرانی شەهیدی کۆمار کە لە کوردستانی باشوور هاتبوون بکەینەوە، ئەو ئەفسرانە کە دوایی بە دەستی ڕێژیمی عێراق شەهید کران و بەتایبەتی یاد لە شۆڕشگێڕانی بارزان بە ڕێبەرایەتی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بکەین کە لە کۆماری کوردستاندا دەورێکی بەرچاو و مێژوویيان هەبوو. لێرەدا کە ئێمە باس لە ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە سەر بەشەکانی دیکە و هاوکاری بەشەکانی دیکە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و سەقامگیری کۆماری کوردستان دەکەین، نابێت دوو شتمان لە یاد بچێت، یەکەم کە چاو لە مێژوو دەکەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سیاسی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە جێگای لێ فێربوون و ئەزموون وەرگرتنە بۆ ئێمە، ئەو ڕێبەرانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە باوەشێکی ئاوەڵاوە پێشوازی لە تێکوشەرانی بەشەکانی دیکە دەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە دڵفراوانییەوە پشتیوانی لە ڕۆڵەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە وەردەگرن لەگەڵ ئەوەشدا دەستێوەردانی سیاسی لە بەشەکانی دیکە، لە خەباتی بەشەکانی دیکەدا ناکەن نە دەستێوەردانی سیاسی تێدا دەکەن نە ئەوەی کە بیانهەوێ هەوڵ بدەن کەسانێکی دیکە وەکوو ئاڵترناتیڤێك بۆ شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی کوردی لەو بەشانەدا دروست بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ڕۆڵی تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکە کە هاتوونەتە کوردستان، ئەوەشمان دەبێت لە بەرچاو بێت کە ئەوان بە هەموو هێز و تواناوە بە باوەڕێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەوە لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا بوون، لە خزمەتیدابوون لەگەڵ کاری دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕانە دوو شتی جیاوازن کە ئەو تێکۆشەرانە لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورددا بوون نە دەستێوەردانیان کردووە و نە ئەو دەسکەوتەیان ڕەت کردووە، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە ڕەخنە لە مێژوو لە کەموکوڕییەکانی ڕێبەرانمان لە پێشوودا دەگرین لەو خاڵە بەهێزانەشدا دەبێ دەرسیان لێ وەربگرین و ئەزموونیان لێ وەربگرین بۆ ئەمڕۆ و داهاتوومان. باس لە کۆماری کوردستانمان کرد دەبێ باس لە پیلانی دوژمنان و نەیارانی کورد بکەین دوژمنانی کورد لە سەرووی هەموویانەوە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە کە ئەو دەسکەوتە مێژووییە بەلاڕێدا ببات و بیروڕای خەڵکی بە نیسبەت ئەو دەستکەوتە مێژووییە چەواشە بکات ئەوەی کە هەتا بۆیان دەکرا دەیانەویست دەستکەوتی کۆماری کوردستان وەکوو دەستکرد و دەستێوەردانی بیانی وەکوو هەمیشە باسیان کردووە عەواملی ئیمپریالیزم سەهیۆنیزم و ئیستکباری جیهانی ناو ببەن کە ئەوەیان بۆ نەچووەتە سەر ماوەیەکە کەوتوونەتە هەوڵ و تەقەلا کە کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد و حیزبی دێموکرات لێك دابڕن و ئەو سێیانە لێك جیا دەکەنەوە و هەر کام بە شێوەیەك هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا دەکەن بە ناوی پشتیوانی لە پێشەوا قازی محەممەدەوە کە ڕێبەرێکی نەتەوەیی بووە بەڵام خەڵکانێك لە حیزبی دێموکرات دەوریيان گرتووە و فریویان داوە و کۆماری کوردستان دەستکردی یەکیەتی سۆڤییەت بووە لە واقیعدا بە ناوی دیفاع لە پێشەوا قازی محەممەدەوە تەقە لە دەسکەوتەکانی کورد دەکەن کە ئەوە پیلانێکی کۆماری ئیسلامییە نە بۆیان دەچێتە سەر و نە تا ئێستا بۆیان چووەتە سەر و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەندێك لە نەیارانی حیزبی دێموکراتیش زۆر جار هەوڵییان داوە لە ڕەوتی مێژووییدا کە کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە حیزبی دێموکرات جیا بکەنەوە زۆر جار باس لە کۆماری کوردستان و شانازییەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد دەکرێت، بەڵام حیزبی دێموکرات وەکوو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان فەراموش دەکرێت وەك بڵێی ئەو حیزبە لەو ساتە مێژووییەدا نەبووە، وەك بڵێی پێشەوا قازی محەمەد ڕێبەری ئەو حیزبە نەبووە، حیزبی دێموکرات فەراموش دەکرێت بە ئەنقەستیش فەراموش دەکرێت بۆ ئەوەی کە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بە ناوی دیکە و بۆ کەسی دیکە سەبت بکرێت حیزبی دێموکرات لە قەزییەکە دەربێنن هەر وەك گوتمان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان سێ ڕەهەندی تەواوکەر و کامڵکەری یەك دیاردەی نەتەوەیین کە لە یەك جیا ناکرێنەوە هەر جۆر هەوڵدان و تێکۆشانێك و کارکردنێك لەو پێناوەدا هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ ئاکام و هەوڵ و تەقەلایەکی بێ سەمەر دەبێت. باسمان لە کۆماری کوردستان کرد و باسمان لەوە کرد کە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس مابووەوە باسمان لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیش کرد، پیلانەکانی نەیاران و دوژمنانی کورد کرد. دەبێ بەردەوام باس لە پیلانێکی هەمیشەیی دوژمنانی کورد، داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی بکەین کە بەردەوام هەوڵی داوە خاکی کوردستان لێك جیا بکەنەوە بە ناوی جۆربەجۆرەوە، ئەمە کوردستانی موکریانە، ئەمە کوردستانی نازانم چیە، ئەمە خەڵکی کرماشانە، ئەمە خاکی نازانم کوێیە، خاکی کوردستان داببڕن، وەکوو لە مێژوودا خاکی کوردستان بە ڕێکەوتننامە شوومە مێژووییەکان دابەش کراوە لە نێو هەر بەشێکیشدا بە ناوێکی دیکەوە جیاواز و تیکە تیکەی بکەن هەوڵ دەدەن کۆمەڵگای کورستان و نەتەوەی کورد بە پیلانی جۆربەجۆر لێك دابڕن، ئەمە سەر بە فڵان عەشیرەتە ئەمە سەر بە فڵان زاراوەیە ئەمە سەر بە فڵان ناوچەیە کەلتووری جیاواز و فەرهەنگی جیاواز و بەو ناوانەوە خەڵکی کوردستان و خاکی کوردستان لەت و پەت بکەن پرۆژەی لەتکردن و جیاکردنەوە و پەرتەوازەکردنی خاك کۆمەڵگا و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پرۆژەیەکە کە لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی قازانجی تێدا دەکات کە دەبێ بەردەوام ئەو جۆرە پیلانانەمان لەبەر چاو بێت و هەر جۆرە هەوڵدانێك بۆ دابەشکردنی خاك و خەڵك و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەقاو بدەین و ڕێگە نەدەین کە پیلانی دوژمنانی کورد سەربکەوێت. لەو پێناوەشدا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ئەوانەی کە خۆمان بە ڕێبواری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبواری ڕێبەرانی شەهیدمان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی دەزانین هاوکات لەگەڵ یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە دەسکەوتە مێژووییەکان ئەرکیشمان قورستر دەبێت لە پێناوی خەباتی نەتەوەییدا لە پێناوی ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی نەتەوەیی کورددا لە پێناوی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە مێژووییەکاندا لە پێناوی داهێنەربووندا و لە پێناوی هەوڵدان بۆ یەکڕیزی و هاوئاهەنگکردنی خەڵك و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناوی یەکڕیزی و هاوئاهەنگی تێکۆشەرانی کورددا ئەوەی لە دەستمان بێت ئامادەین و ئامادەیی خۆشمان بەردەوام نیشان داوە. لێرەدا و لە کۆتاییدا پێویستە پیرۆزبایی ئەو یادە مەزنە لە هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە بنەماڵەی سەربەرزی زیندانیانی سیاسی و لە هەموو ئازادیخوازانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بکەین پیرۆز بێت و سەرکەوتوو بن.

درێژەی لاپەڕە ٦

بە نرخەکانیان، نیشانەی نەتەوەیی بوون و حەزی نەتەوەیی و دەربڕینی هاوسۆزییە لەگەڵ کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ساڵەکانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ و تا ١٣٢٦ی هەتاوی لە کوردستانی ئێران، ئەگەر چاو لە ڕوانگەی کۆماری کوردستان و سیاسەتی پێکەوە ژیانی کۆماری کوردستان بکەین، هەروەك ئاماژەم پێ کرد کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد، سیاسەتی ئاشتیخوازانە و پێکەوە ژیان و هاوخەباتییان لەگەڵ گەلانی دراوسێ و گەلانی ئێران لە پێش گرتووە، هەم لەگەڵ تورکەکان و لەگەڵ هیزە سیاسییەکانی سەرتاسەری ئێران کە بۆ بزووتنەوەی دێموکراسی لە ئێراندا خەباتیان دەکرد و ئاڵاهەرگری دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەری بوون. پێوەندییەکی چڕ و پڕی بەرقەرار کرد، هەروەك باسم کرد کۆماری کوردستان لە زۆر بوارەوە خزمەتی بە ئامانجەکانی گەلی کورد بە بزووتنەوەی کورد و بە پڕۆسەی دێموکراسی ئێران و بە خەباتی ئێران کرد، هەر ئەوە بوو کە نەیاران و دوژمنانی کورد و کوردستان کەوتنە پیلان گێڕان بۆ تێکدانی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە و هێرشیان کردەوە سەر کوردستان و بەداخەوە کۆماری کوردستانیان لە بار برد و خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی کوردستانی ئێران شێوازێکی دیکەی بەخۆوە گرت، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەر و لە ڕاستیدا پێکهێنەری کۆماری کوردستان بوو دوای ئەو هێرشە نارەوایە بۆسەر کوردستان و دوای ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییە کە لە ئێراندا ڕوویدا، خەباتی نهێنی خۆی دەست پێکردەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و گۆڕکردنی دیکتاتۆریەتی و بنەماڵەی پەهلەوی لە خەبات ڕانەوەستاو و دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و وەدیهێنانەوەی ئەو ئامانجە پیرۆزانەدا گیانی پیرۆزیان بەخت کرد، دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش جارێکی دیکە گەلانی ئێران و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لە ئێراندا لەگەڵ دیکتاتۆریەکی دیکە خراپتر لە دیکتاتۆری پێشوو ڕووبەڕوو بوو، کە ئەویش بە لاڕێدابردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی پڕشکۆی ئێران لە لایەن کۆمەڵێك ئاخووندی کۆنەپەرەستەوە بوو. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران پێشڕەوانی دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیك لە ئێراندا، هەوڵێکی زۆریان دا پێشی ئەو سیاسەتە سەرەڕۆیانە بگرن کە ئامانجەکانی شۆڕش بەلاڕێدا دەبەن، بەڵام بە داخەوە ڕێبەرانی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینی و بە کەڵك وەرگرتن لە هەندێك شێوازی دیکە کە لەگەڵ عەقڵییەتی دنیای پێشکەوتوو یەك ناگرێتەوە مەسیری ئەو شۆڕشەیان بەلاڕێدا برد و مەسیرێکە کە تا ئێستاش تەنیا دیاری بۆ کۆمەڵانی خەڵك و بۆ گەلی کورد کوشتن و بڕین و ئازار ئەشکەنجە و ئێعدامی دەیان هەزار کەس لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە.

خۆشك و برایانی بەڕێز: ئەگەر ئاوڕێك لە وەزعی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، ئەم ڕێژیمە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ قەیران ڕووبەڕوو بووەتەوە، لە ئاستی نێوخۆیی سیاسەتی زەبروزەنگ و گرتن و کوشتن و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی بەردەوامە ئازادی ڕادەربڕین و فەعالییەتی چاپەمەنی و پرنسیپە دێموکراتیەکانیان بە تەواوی لە ئێراندا پێشێل کردووە و هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە لە لایەن پیاوکوژانی ئەم ڕێژیمەوە بە توندی سەرکوت دەکرێت. گرانی و بێکاری و هێنانی دەیان دیاردەی ناحەزی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لە کوردستاندا لەگەڵ ڕەوشێکی وەها ڕووبەڕوو بن کە هۆوییەتی تاکەکەسیی و زۆر لایەنی مرۆڤایەتی کەم ڕەنگ بکەنەوە. ژیان و گوزەرانی خەڵك لەسەر درێژەدانی سیاسەتی کۆنەپەرەستانەی ڕێژیم لە بواری ئابوورییەوە لە خراپترین و تاڵترین حاڵەتی خۆیدایە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو سیاسەتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە باوەڕی بە سیستمێکە کە لە باری ئابوورییەوە لە باری بەرهەم هێنانەوە کە بتوانێ خێروبێری بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵك بگەڕێتەوە نەبوو. لە ئاستی ناوچەیی ئەگەر چاو لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین سیاسەتی دەستێوەردان لە وڵاتانی ئیسلامی و کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە سیاسەتێکی نەگۆڕ و ڕۆژبەڕۆژ بەو سیاسەتەی درێژە ئەدا و نائەمنی و وەزعییەتێکی نالەباری ئاوای پێك هێناوە کە هیچ وڵاتێك ئێستا لە ئاسایش و لە ئەمنییەتدا ناژی، یارمەتی کردنی بە تیرۆریزم و دەستە و تاقمە توندڕەوەکان بەشێکی دیکەیە لە سیاستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە ئەگەر کردەوەیەکی تیرۆریستی ڕوو ئەدات پێش لە هەموو کەس و لایەنێك ڕووی لە جمهوری ئیسلامییە و بە کردەوەیش دەرکەوتووە و نەتیجەی لێکۆڵینەوەکانی دادگاە

# کۆماری کوردستان پەیامی نەتەوەیی بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕاگەیاند پەیامێک کە توانی بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی کورد لە دەوری ئاڵای کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کۆ بکاتەوە

نێونەتەوەییەکان و دادگاە مۆدێرنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوەی سەلماندووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێك لەو لایەنانەیە کە بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی تێرۆریزم و یارمەتیدانی تێرۆریزمدایە ئەو مەسەلەیش کە بە نێوی مەسەلەی چەکی ناوکی زیاتر لە بیست ساڵە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بووەتە یەکێك لە مەسەلەکان کە لە نەزەری ڕوانگەی خەڵك و ڕای گشتی و لێکدانەوەی تەحلیل گەرانی سیاسی و چاوەدێرانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەترسییەکی دەزانن لەسەر ئەمنییەتی ناوچەکە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە هەوڵی گەیشتن بە چەکی ناوکیدایە و وتووێژەکانی لەگەڵ وڵاتانی پێنج زێدە یەك بەو ئاکامە نەگیشتووە کە تا ئێستا کۆمەڵگای جیهانی پێشبینی ئەکات و هەوڵی بۆ ئەدات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سێبەری ئەم سیاسەتە غەڵەتەیدا هەم لە باری ئابوورییەوە هەم لە باری گوشاری نێونەتەوەییەوە وە هەم لە بواری ناتەوان بوونی لە دابینکردنی پێویستییەکانی نێوخۆی کۆمەڵانی خەڵکەوە، یەکێك لەو ڕێژیمانەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر داماویی پێوە دیارە. لە دابینکردنی ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکدا لە باری سیاسیشەوە ئەم ڕێژیمە فەلسەفەی وجوودی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو، فکری ئازادی و ئازادەگی و ئازادمەنشی یەك ناگرێتەوە بۆیە هەم کرداری جمهووری ئیسلامی هەم لایەنی فکری و سیاسی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ پرۆسەی بە دێموکراسی بوونی کۆمەڵگە و پرۆسەی دێموکراتیزیسیۆنی ناوچە و بەها مرۆییەکان دوو شتی لە یەك جیان، بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت گەلانی ئازادیخواز و مافویستی ئێران و لە پێشەوەی هەموویان، گەلی کورد کە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بووە و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیدا ڕۆڵێکی مێژوویی لە خۆی گێڕاوە، جارێکی دیکە ڕیزەکانی خۆیان لە دەوری پلادفۆرمێك یا بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش ڕێك بخەن کە بتوانن بە یەکیەتی و یەکگرتوویی خۆیان، تەخت و بەختی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەك چۆن نیزامی پاشایەتیان پێچایەوە، بپێچنەوە و لە سەر ئیرادەی خۆیان و لە سەر هێز و توانا و وزەی خۆیان نزامێکی دێموکراتیك و فیدراڵ دامەزرێنن کە وەدیهێنەری ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بێت. خوشك و برایانی بەڕێز ئەگەر لە دوای ٦٩ ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئاوڕێك لە پرنسیپ و بنەما سیاسییەکانی کۆماری کوردستان بدەینەوە دەبینین ئەو بنەما سیاسی و ئەو هێما نەتەوەییانە ئێستایش بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەو بنەما نەگۆڕانەن کە دەتوانن ڕەمزی ڕزگاری و خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بن، کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد و خزمەتە بەنرخەکانی وەك سیمایەکی ناسراوی سیاسی کورد، وەك کەسایەتییەك کە ژیان و ئارەزووەکانی خۆی لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی بەخت کرد ئێستاش ڕەمزی یەکییەتی و یەکگرتوویی هەموو تێکۆشەرانی کوردە لە پارچەکانی کوردستان و شانازی پێوە دەکەن، سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب، ئێستا یەکێك لەو سروودانەیە کە لە سەردانە ڕەسمیەکان و سەردانی وڵاتانی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ لای حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە ڕێوڕەسمە سیاسییەکانیاندا سانی پێوە دەکەن و ڕێزی لێ ئەگرن و بووەتە ڕەمزی مقاومەت و یەکگرتوویی تێکۆشەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

ئاڵای کوردستان وەك هێمایەکی نەتەوەیی ئێستا لە تەنیشت ئاڵای گەورەترین وڵاتانی دنیا دادەنرێت، ئاڵایەك کە ئێستا بۆتە ڕەمزی مقاوت، ڕەمزی خۆڕاگری، ڕەمزی موبارزە دژی ناحەزەکانی وەك تیرۆریزم و وەك دیکتاتۆری و وەك ئەو بۆچوونە و ئەو عەقڵییەتە چەقبەستووەی کە لەگەڵ کۆمەڵگای دێموکرات و پێشکەوتوو نایەتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە یەکێك لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانە ئێستا پێشمەرگەی کردووەتە ڕەمزی مقاومەت و ڕەمزی وڵات پارێزی، پێشمەرگە ئێستا لە نێو ناوەندە سیاسییەکاندا وەك فریشتەی ئاشتی و دێموکراسی و وڵاتپارێزی چاوی لێ دەکرێت، سیاسەتی پێکەوە ژیان هەروەك باسم کرد یەکێك لەو پرنسیپانەیە کە ئێستاش گەلی کورد شانازی پێوە دەکات و تامەزرۆی ئەوەیە لەسەر ئەو بنەما سیاسی و فکریە لەگەڵ هەموو گەلانی ئاشتیخوازی ناوچەکە پێکەوە بژین و پێکەوە بنیادێکی سیاسی دابمەزرێنن کە خێر و خۆشی و بەختەوەری بەدواوە بێت.

خۆشك و برایانی بەڕێز، ئەگەر چاو لە بزووتنەوەی کورد لە بارودۆخی ئێستادا بکەیەن، ئەوە گەلی کوردە توانیویەتی بە منزڵی سەرکەوتن نزیك بێتەوە، ئەوە دیکتاتۆرەکان و فاشیستەکانن کە چاوی دیتنی کورد و بزووتنەوەی کورد و کۆماری کوردستان و دەیان بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کوردیان نەبووە و لە پیلان بوون لێی و هێرشیان کردۆتە سەر خاکی پاکی کوردستان، ئێستا بزووتنەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان توانیویەتی، سیمایەکی سیاسی واقعبینانە و سیمایەکی پێشکەوتوو و دامەزراوەیەکی لەخۆبردوو لە خۆبگرێت، کە کۆمەڵگای جیهانی دانی پێدابنێت و پشتیوانی لێ بکات و بەتایبەت، لەم شەڕی دوایی شەڕی دژی تێرۆریزم و شەڕی نارەوایی جریانی داعش بەسەر خەڵکی کوردستاندا ئیرادەی سیاسی کورد و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئیرادە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نیشانی دا کە گەلی کورد شیاوی هەموو پشتیوانییەکی سیاسی و مەعنەوییە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی خۆی، ئەگەر چاو لە باکووری کوردستان بکەین ئێستا بزووتنەوەیەکی جەماوەری مەدەنی لە ئارادا هەیە، ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ نکۆڵییان لە بوونی کورد و نێوی کورد و شوناسی کورد دەکرد، ئێستا دانی پێدا دەنێن، ڕێبازی ئەو بزووتنەوەیش ڕێبازێکە کە گەڕانەوەی نییە و لە ئەنجامدا دەتوانێ بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆی بگات.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان توانیویەتی بەشێك لە ئامانجە سیاسییەکانیان دابین بکا و ئێستاش درێژەدان بەو خەباتە و مانەوەیان لە مەیدانی موبارزە، لە لایەکەوە لەگەڵ دەوڵەتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و لە لایەکی دیکەشەوە لە شەڕی تێرۆریزمی وەك داعش، توانیویانە حەقانییەتی خۆیان و ئیرادەی سیاسی خۆیان بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیشان بدەن و مقاومەت و بەرخودانی ئەوان ئێستا بۆتە چیرۆکی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەویندارانی ڕێگای ئازادی لە سەراسەری دنیا. لەم ڕێوڕەسمە مێژوویی و نەتەوەییەدا جاریکی دیکە، لەگەڵ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و هەڤاڵانی و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، لەگەڵ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورددا گیانی شیرینیان بەخت کردووە، لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و دەیان تێکۆشەری ڕێگای ئازادی، پەیمان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە، تا وەدی هێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، تا لە باوەش گرتنی بووکی سەرکەوتن، تا گەیاندنی کورد بە هۆوییەتی نەتەوەیی و سەروەری نەتەوەیی خۆی لە خەبات ڕاناوەستین و شان بە شانی هەموو هێزە سیاسی و پێشکەوتوو خوازانی کورد و ئێرانی هەوڵ دەدەین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ئەوانەی پێش خۆی، بە سزای ئەو تاوانانە بگەیەنین کە دەرهەق بە بەشەرییەت و دەرهەق بە ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان ئەنجامیان داوە و نزامێکی دێموکرات و فیدراڵ بە ئیرادەی گەل دابمەزرێنین و گەلی کورد بە ئازادی و ئاشتی و بە دادپەروەری بگەیەنین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە جێژنی نەتەوەیی ٢ی ڕێبەندان، جێژنی دامەزرانی ٦٩هەمینساڵیادی کۆماری کوردستان، لە ئێوەی خۆشك و برایانی بەڕێز پیرۆزبایی دەکەم و جارێکی دیکە بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم و هیوادارم ئەم ئاهەنگانە و ئەم ڕێوڕەسمانە پەیامی نەتەوەیی ئێمە، پەیامی پێکەوە ژیان، پەیامی یەکییەتی و یەکڕیزیمان زیاتر و زیاتر یەکگرتووتر بکات. هەر بژین و سەرکەوتوو بن بڕووخێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرکەوێت بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد، بەڕێز بێت یادی کۆماری کوردستان.



# بەردەوامیی خەباتی نەتەوەیی، سەلمێنەری ستەمی نەتەوەییە

سەلام ئیسماعیلپوور

بە درێژایی مێژووی پڕ سەروەریی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران، دوژمنانی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە بە سەرکوت و سڕینەوە و نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا، سیمای دژەمرۆیی سیستەمەکەیان بشارنەوە کە لە سەر بنەمای ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی دامەزراوە و بۆ مانەوەی خۆی ناچار بووە بەردەوام هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی سیاسەتە کۆنەکانیان بدات.

هەنووکەش کە بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان گەیشتۆتە ترۆپکی خۆناساندن و جیهان تا ڕادەیەك هەستی بە ڕەوابوونی پرسی کورد و ڕۆڵ و پێگەی ئەم گەلە لە چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم سەردەمەی جیهان و ناوچەکەدا کردووە، هێشتا دیکتاتۆرەکان و داگیرکەرانی کوردستان و لە پێش هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران کای کۆن بە بادا دەکەن و پێیان وایە بە حاشاکردن لە ڕاستییەکان و دانی ناونیشانی هەڵە دەتوانن خۆڵ لە چاوی هەموو جیهان بکەن و نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیەکی مافخواز و ستەملێکراوی وەك کورد و خەباتە ڕەواکەی لە وڵاتەکەیاندا بکەن، بێ ئاگا لەوەی کە ئەگەر لە شەوەزەنگی بێکەسیی کورد و سەردەمی شەهیدکرانی سمایل ئاغای سمکۆ و لە سێدارەدانی پێشەوا و کۆمارەکەی کورددا یان لە کاتی ڕاپەڕینی شکۆداری ٤٧ـ٤٦دا سەرەڕای هەوڵەکانیان پێیان نەکرا دەنگی مافخوازیی کورد کپ بکەن و ڕاستییەکان بە تەواوی بشارنەوە، ئێستا ئیتر کورد ئەو قۆناغەشی لەمێژە تێپەڕاندووە کە بۆ سەلماندنی ڕەوایی بزووتنەوەکەی و گەیاندنی دەنگی خۆی بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە پشت دیواری لەمپەرەکاندا دەستەوەستان بێت و دەنگی کپ بکرێتەوە.

شاراوە نیە کە یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکردنی بەیاننامەی ناسراو بە مافەکانی ئەقوام لە لایەن حەسەن ڕۆحانییەوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ڕێژیمدا هەستکردن بە ڕقی پەنگخواردووی نەتەوە ستەملێکراوەکان بەرانبەر بە ستەمی سیستماتیکی نەتەوەیی و پۆتانسێلی بزووتنەوەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان وەکوو مەترسییەك بۆ داهاتووی ڕێژیم بوو. ئەم بەیاننامەیە کە مەبەست لە ڕاگەیاندنی، ڕاکێشانی هێزی نەتەوە بندەستەکان بۆ بەشداریکردن لە شانۆی هەڵبژاردندا بوو، لە ڕاستیدا دەری دەخست کە تەنانەت بەربژێرەکانی ویلایەتی فەقیهیش دان بە بوونی ستەمی نەتەوەیی لە ئێراندا دەنێن و هەڵبەت بە شێوازی خۆیان بە شوێن نەخشە ڕێگایەکدا بۆ پێشگرتن بەو بزووتنەوەیە دەگەڕێن.

پاش دیاریکردنی عەلی یوونسی وەکوو ڕاوێژکاری سەرکۆمار بۆ پرسی کەمایەتییەکان، ناوبراو لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «همشهری جوان» ڕایگەیاند کە کێشەیەك بە ناوی «پرسی نەتەوەیی» لە ئێراندا بوونی نیە و ئەوەی کە هەیە تەنیا جۆرێك لە هەستکردن بە هەڵاواردن (نەك خودی هەڵاواردن) لە نێو پێکهاتەی ئەهلی سوننەتی کوردستان و بەلووچستاندایە، واتە ئەگەر ستەمێکیش هەبێت، نەك نەتەوەیی بەڵکوو مەزهەبییە.

لەم نێوانەدا کەسانێکیش لە کوردستان هەن کە لە ژێر ناوی ئیسلاحخوازی کورد یان نازناوگەلی دیکەدا هەوڵ دەدەن لە نێو ئەم کایەیەی ڕێژیمدا پشکێکیان وە بەر بکەوێت و بە دووپاتکردنی هەمان ئەو لێدوانانە بە خەیاڵی خۆیان گوتارێکی نوێ و ئەمرۆیی پێشکەش بکەن و ببنە پێشەنگی گۆڕەپانەکە، گۆڕەپانێك کە تێیدا دەسەڵات جڵەوی هەموو شتێکی بە دەستەوەیە و ڕێساکانی یارییەکە بۆ خۆی دیاریی دەکات و بە بێ ئیزن و مۆڵەتی خۆی پێی خۆش نیە هیچ پێشەنگ و ئەکتەرێکی سەربەخۆ تێیدا ڕۆڵ بگێڕێت. ڕۆژێك باس لە جێبەجێکردنی مادەی ١٥ دەکەن، ڕۆژێك دەیانهەوێ وەزارەتی وەرزش بدرێ بە کورد، ڕۆژێك بە دوای ئوستانداری ئەهلی سوننەتدا دەگەڕێن، ڕۆژێك دەڵێن مۆڵەتی دامەزراندنی حیزبێکی کوردی وەردەگرن و ڕۆژێکی دیکە داوا دەکەن لە تاران ژوورێك بۆ خوێندنی نوێژ بدرێ بە ئەهلی سوننەت و ...، سەیریش ئەوەیە کە تەواوی ئەم هەوڵانە هەر لە سەرەتاشەوە نەزۆکییان پێوە دیارە و هەموو کەسیش دەزانێ وەك ئاو بە بێژنگ هێنانە، بەڵام وادیارە کەسانێك بە شێوەی پرۆفیشناڵ کاریان هەر ئەو گاڵتەجاڕییەیە.

**ڕێژیم لە ڕۆچنەیەک دەگەڕێت بۆ ئەوەی دزە بکاتە نێو فەرهەنگی سیاسیی کوردستان و هەیمەنەی خۆی لەو بوارەشدا زاڵ بکات، واتە بۆ نموونە کایەی ئوسولگەرا و ئیسلاحخواز ببێتە بەشێک لە فەرهەنگی سیاسیی کوردستان و جێگای ململانێی حیزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کورد بگرێتەوە**

بەم دواییانە ئیسلاحخوازانی کورد بە دووپاتکردنەوەی قسەکانی یوونسی دەڵێن لە ئێراندا کێشەی سەرەکی نەك ستەمی نەتەوەیی، بەڵکوو ستەمی مەزهەبییە، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئێراندا وەزیری کوردی شیعە هەیە، بەڵام فارسی سوننە ناتوانێ ببێتە وەزیر. ئەم بەڕێزانە بۆ سەلماندنی قسەکانیان ناچارن خۆیان لەو ڕاستییە لادەن کە یەکەم، هەموو فارسێکی سوننە بۆی هەیە بە زمانی خۆی بنوسێت و بخوێنێت لە حاڵێکدا کە کوردی شیعە ئەو مافەی نیە. ئەوەش لە بیر دەکەن کە هەموو کوردێکی شیعە شوێنکەوتوی ڕێبازی ویلایەتی فەقیە نیە و تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێبازەش هەڵبژێرێت لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە هەر کوردن و تاوانبارن. نموونەکەشی لە دەستبەسەرکردنی محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، جێگری پێشووی ئەحمەدی نژاددا دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی کابینەی ئەحمەدی نژادیش وەك سەرتاپێی ئەو ڕێژیمە، هەموویان نوقمی گەندەڵی بوون، بەڵام ڕێك ئەو کەسە لە نێویاندا دەکرێتە قوربانی کە ڕێژیم زۆر جار وەکوو بەڵگەیەك بۆ بەشدارکردنی کورد لە دەسەلاتدا پرۆپاگەندەی پێوە دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم چالاکانە نابێ ئەوە لە بیر بکەن کە ئەگەر ئەمڕۆ ڕێژیم هەوڵ دەدات ئەوان زەق بکاتەوە، هۆکارەکەی تەنیا ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەزانێ جووڵانەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی لە کوردستان هەیە و نایهەوێ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ببێتە ڕۆژەڤی باسەکانی خەڵك، بۆیە ڕێگا بەوان دەدات کە هێزی لاوانی کورد بەرەو خۆیان ڕابکێشن و پرۆپاگەندەی پێوە بکەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە گەلۆ لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتێك کە تەنانەت بەزەیی بە دامەزرێنەرانی خۆیدا نایەتەوە، چۆن ڕێگەی چالاکی بەم پێشەنگانە دەدات و مەبەست لە شلکردنی سەری گوریسەکە چییە؟

ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لەمێژە بڕیاری خۆی داوە و خودی ئەم چالاکانەش باش دەزانن کە ڕێژیم هەرگیز بایی هێندە متمانەی پێیان نیە کە پۆستێکی گرینگی وڵات یان تەنانەت بەرپرسایەتیی پارێزگایەکی کوردستانیشیان پێ بسپێرێت. بەڵام ڕێژیم لەوە ئاگادارە کە سەرەڕای زەبروزەنگ و میلیتاریزەکردنی دەیان ساڵەی کوردستان، هێشتا بەهاکان، نۆرمەکان و ڕێساکانی کایەی دەسەڵات و فەرهەنگی سیاسی و هەیمەنەی ئیدئۆلۆژیکی ناوەندی دەسەڵات لە کوردستاندا نەبۆتە باو و لە نێو خەڵکدا وەکوو دیاردەیەکی نامۆ و بێگانە چاوی لێ دەکرێت. بۆیە ڕێژیم لە ڕۆچنەیەك دەگەڕێت بۆ ئەوەی دزە بکاتە نێو فەرهەنگی سیاسیی کوردستان و هەیمەنەی خۆی لەو بوارەشدا زاڵ بکات، واتە بۆ نموونە کایەی ئوسولگەرا و ئیسلاحخواز ببێتە بەشێك لە فەرهەنگی سیاسیی کوردستان و جێگای ململانێی حیزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کورد بگرێتەوە. لەم پێناوەدا زۆر جار دەبینین کە هەوڵ دەدات کایەی سیاسی لە کوردستان بکاتە کایەیەکی مەزهەبی. لەم نێوانەدا کەسانێکیش کە ئەکتەری تایبەت بەو جۆرە کایەیەن، پێیان خۆشە کایەی سیاسی لە کوردستان ببێتە مەزهەبگەری و بۆ خۆیان ببنە پاڵەوانی ساحەکە. گومان لەوەدا نیە کە ستەمی مەزهەبییش بەشێکە لەو زنجیرە زوڵمانەی کە بە سەر کوردستاندا سەپێنراون، بەڵام بەرتەسککردنەوەی جوغرافیای ستەم لە کوردستان لە بەشی سوننەنشیندا و نکۆڵیکردن لە ستەمی نەتەوایەتی ویست و پیلانی ڕێژیمە و هەر کەس و لایەنێك کە بیهەوێ بەو کارتە مەترسیدارە یاری بکات، لە هەر دوو لاوە دەدۆڕێت.

# چەواشەی هەقیقەت و واقعیەتێکی پیرۆز

چەکۆ ئەحمەدی

ناسیۆنالیزم، سەرهەڵدانی هزری ناسیۆنالیستی لە نێو کەمەڵگەی مرۆییدا چاخێکی نوێی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا درووست کردو لەم دەسپێکەوە، نەتەوەکان گەشەیان کرد و هزری نەتەوەخوازی و وڵات پارێزی جێگای بە شەڕی بێ سەرە و بەرە لێژ کردو تا هات وڵات لە دوای وڵات سەر بەخۆ بووە و نەتەوەکان پێناسەی تایبەتییان بۆ خۆیان تۆمار کردوەو نەتەوە و وڵات بوو بە هێڵی سووری هەرکام لەو نەتەوانە و بۆ پاراستنی پیرۆزییەکانیان خەباتیان کرد و گەلێک شۆڕشی مەدەنی و خوێناوی لەو پێناوەدا بەڕێوە چووە...

لە هەرکام لەم شوێنانەدا کەسانێک بوون بە سیمبولی ناسیۆنالیستی و کۆمەڵێک دەسکەوت بۆ نەتەوە بەدی هات، هزری ناسیونالیستی و نەتەوەخوازیش زۆر زوو بەشێوەیەکی توکمە لەنێو دڵی تاکەکانی نەتەوەی کوردیش سەری هەڵدا و شۆڕشەکانی نەتەوەی کوردیش بۆ بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دەستی پێکرد.

شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەی زجیرەیی درێژەی کێشاو هەر کامیان بە شێوەیەکی تاڵ و دڵتەزێن هەرەسی پێ هێنرا بەڵام هزری ئازادی و نەتەوەخوازی و سەربەخۆیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی کرد و دڵسۆزانی نەتەوەی کورد لە هەموو هەل و دەرفەتێک کەڵکی بەجێیان وەرگرت و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ درا بۆ ڕووناکترکردنەوەی ئاسۆی خەباتی نەتەوەی کورد.

یەکێک لەو هەل و دەرفەتانە کە نەتەوەی کورد بە وشیارییەوە قۆزییەوە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو کە بە دامەزراندنی یەکەمین حیزبی مودیڕن و سەردەمییانە و پێشکەوتوو دەستی دایە کردەیەک کە تا ئەو دەم وەک خەون و خەیاڵ بوو لە لای بەشی هەرە زۆری دۆست و دوژمنی نەتەوەکەمان.

حیزبی دێموکرات چاوی بە جیهانێکدا هەڵهێنا کە پڕ بوو لە کەند و کۆسپ. حیزبی دیموکرات، حیزبی دایک دادەمەزرێ و دەبێتە هەوێنی هزری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و بە باشترین شێوەی لواو ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و دەبێتە جێی متمانەی نەتەوەیکی بەش خوراو لەت لەتکراو بەڵام پڕ لە هیوا و ئەکتیڤ.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا چەند بۆنەی پیرۆی نەتەوەیی دەبینرێ کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا وەک شانازیی نەتەوەیی و جێژنی نەتەوەیی بەرزی دەنرخێنن، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە یەکەم هەنگاویدا مێژوویەکی تۆمارکرد کە پاش جێژنی نەورۆز، تاکە جێژن و بۆنەیەکە کە نەتەوەی کورد تێکڕا شانازیی پێوە دەکەن و ڕێزی لێ دەگرن.

کۆماری کوردستان، یەکەم کۆمارو تەنیا دەوڵتی سیستماتیک و مۆدێڕنی کورد، بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی تاقانە پێشەوای کورد قازی موحەممەد، لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان واتە ٦٩ ساڵ لەوە پێش دامەزرا. کۆماری کوردستان مەزنترین دەسکەوت و خۆشترین مزگێنی ئازادی تا ئەو سەردەمە بۆ نەتەوەی کورد بوو، کەسانێکی زۆر لە پارچەکانی دیکەوە بەرەو کۆماری کوردستا وەڕێ کەوتن. هەموو ئەو کەسانەی لە پارچەکانی خۆیاندا دەرفەتی خەباتیان لێ ئەستێندرابوو، بەرەو کۆمارێک بەڕێ دەکەون کە سەرۆکەکەی، ئەو کۆمارەی بە ماڵ و وڵاتی هەموو نەتەوەی کورد دەزانێ.

**پێشەوا قازی محەممەد تەنیا کەسێکە کە نازناوی پێشەوای پڕ بە مانای وشە لەخۆگرتوو تا هەنووکە و تا هەتایە سیمبولی پێشەوا بوون دەمێنێتەوە**

وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بە بیرەوەرییەکی مامۆستا هەژار بکرێ کە دەڵێ: «پاییز بوو، باران دەباری. گوتیان بارزانییەکان هاتونە گوندی قونقەڵا لە نزیک سابڵاخ. بە پەلە لەگەڵ حەمەی مەولوودە چرچدا دوو ترومبیلی باریمان خواستەوە چرپی براومان لە مێشەیەک لێ بار کرد و بۆبارزانیانمان برد...» (چێشتی مجێور ل ٦٦).

کۆماری کوردستان بە موڵکی هەموو نەتەوەی کورد دادەنرا. هەموو ئەو کەسانەی لە کۆماردا جێگایان ببووەوە، لانیکەم لە ڕواڵەتدا پێشەوا قازی محەمەدیان بە سەرکۆمار و پێشەوای خۆیان دەزانی. بەڵام بە داخەوە بەشێک لەو کەسانەی لە کۆماردا بوون چ پێش ڕووخانی کۆمارو چ لە کاتی ڕووخانیدا خەیانەتیان بە کۆمار و پێشەواکەی دەکرد.

هەر لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژاردا هاتووە کە کاتێ لە سەقز دەسبەسەر دەکرێن (لە گەڵ قاسم ئاغای ئیلخانی و حەمەد ئەمین ئاغای مەحموود ئاغا) ئەو دوو کەسە زۆر بە شانازییەوە ئاماژەیان بە پێوەندییەکانیان لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتی دەکەن و دەڵێن پڕ بە سۆبەیەکی داری ڕاپۆرتییان بۆ کاربەدستان نووسیوە و لە کۆماردا سیخوڕ بوون.

ئێستا پاش ٦٩ ساڵ پیرۆزیی ئەو دەسەڵاتە مۆدێڕنە کوردیە هەر لە سەر جێگای خۆیەتی، بەڵام بەداخەوە زنجیرەیەک لە کەسایەتییە سیاسییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەزانانە لە هەوڵی چەواشەی هەقیقەتێکدان کە نە بە دۆست و نە بە دەستی دوژمن، پیرۆزییەکانی کەم نابێتەوە. بەڵام لەم نێوەدا دەبێ پەلەقاژە بۆ مەزن نیشاندانی چی و کێ بێت و هەوڵ بۆ سڕینەوەی چ مزنایەتییەک بێ؟

کۆماری کوردستان لە جۆری خۆیدا تاقانە دەوڵەتی ناوچەکە بووە کە هەموو پرنسیپە ئەخلاقی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە بەرچاو گرتبوو. ئەو کۆمارە کەسێک سەرۆکایەتی دەکرد کە هەموو هێزی مادی و هزری و تاکەکەسی خۆی لە ڕێگای بە ئاکام گەیاندنی ئاواتی لە مێژینەی نەتەوەی کورد وەگەڕ خستبوو. مێژووی نووسراوی دەستی دۆست و دوژمن دەری خستووە کە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد هێندە مەزن و پتەوە کە هیچ جۆرە چەواشەو ڕووداوێک ناتوانێ پلەی بەرزی ئەو لە یەکەمەوە بۆ تەنانەت دووهەمیش نەویی بکاتەوە.

پێسەوا قازی محەممەدی سەرۆک، بە لێکدانەوەی هەموو ئەو ئەگەرانەی لە ئارادا بوو، ڕێگای لۆژیکی و بوێرانە فەرز دەدات بە سەر خۆویستی و ڕاکردن و خۆ دەربازکردندا. کردەوەی بوێرانەی پێشەوا بە تەنیا خۆی هەڵگری نووسینی چەندین پەرتووکە و دەکرێ وەک سەرباشقەی کردوە بوێرانەکانی ڕێبەرانی جیهان ناودێر بکرێ. ئەو مایەوە و هەموو ئەو کردارانەی دوژمنان بە تاوانیان دەزانی لە ئەوستۆ گرت و بوێرانە لە نەتەوەکەی بەرگری کرد و ڕێگای هەتایی بۆمانەوە لە دڵ خاک و نەتەوەدا هەڵبژارد و دوایین دارایی خۆی کە گرینگترینیان بوو پێشکەشی وڵات و نەتەوە کرد، بەڵێ، گیانی لە پێناو پاراستنی ژیانی تاکەکانی نەتەوەکەییدا لە سەر لەپی دەست دانا.

کۆماری کوردستان بەهەزاران هۆ پاش جێژنی نەورۆز نەتەوەیترین و پیرۆزترین جێژن و بۆنەی نەتەوەییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆکی یەکەم دەوڵەتی کۆماری لە کوردستاندا، سیمبولی پێشەوا بوونە و پێشەوایش دەمێنێتەوە. وشەی پێشەوا لە کولتوور و هزری هەموو تاکێکی کورددا بووەتە ڕەمزی مەزنیی و خۆبەخشی بۆ نەتەوە. پێشەوا قازی محەممەد تەنیا کەسێکە کە نازناوی پێشەوای پڕ بە مانای وشە لە خۆگرتوو تا هەنووکە و تا هەتایە سیمبولی پێشەوا بوون دەمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەمانەتەوە هەڵگری میراتێکە کە ٦٩ ساڵ لەوە پێش لەمێژووی خۆی و نەتەوەکەیدا تۆماری کردوە و تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو کۆمارە هەدا نادات.



# قۆناخێکی نوێ لە ژیانەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان

**حەسەنساڵحزادە**

هەروەك ئاگادارین لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ڕێگەی ڕاگەیەنەرە گشتیەکانەوە هەواڵی کۆمەڵێك چالاکیی سەندیکایی مامۆستایان لە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو کرایەوە. چالاکییەکان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە دۆخی نالەباری پەروەردە و فێرکردن بەڕێوەچوون و ناڕازیان لەوێدا بە شێوازی جوراوجۆر دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرزکردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستایانی زۆربەی شارەکان، بە خۆبواردن لە چوون بۆ سەر کلاسەکان، لە دەفتەری قوتابخانەدا مانەوە و دوایین هەلومەرجی نالەباری پەروەردەیان خستە بەرباس و پێداگریان لە مافە زەوتکراوەکانیان لە لایەن بەرپرسانی پەروەردەوە کرد. لە هەمان کاتدا، ماموستایانی چەندین شاریش لە سەر ئەوە ساخبوونەوە کە بە کۆمەڵ بچنە بەر ئیدارەی پەروەردەی پێوەندیدار و بە نیشان دانی پلاکارت و خوێندنەوەی ڕاگەیەندراو، ویست و ئامانجی کۆبوونەوەکانی خۆیان بە گوێچکەی بەرپرسان بگەیەنن. ڕەنگە ماموستایان لەم قۆناخەدا بە شێوەی پێویست توانای ئەوەیان نەبووبێ کە چالاکییەکانیان بە میدیایی بکەن و سەرنجی کۆمەڵگە و بەرپرسان بۆ دۆخی ڕاستەقینەی پەروەردەی نەخۆشی ئەمڕۆی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕابکێشن، بەڵام بە بەراورد کردنی هەڵوێستی ئەوان لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی ئێستا و گوشاری توندوتیژی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ سەر نەهادە مەدەنییەکان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چالاکیی نوێی ماموستایان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا زۆر پڕ بایەخە. ئەم هەڵوێستە وەك خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بزووتنەوەکەیان پێناسە دەکرێ و شیاوی ئەوەیە لە چەند ڕەهەندەوە بخرێتە بەرباس و سەرنجی کارناسانە. مانگرتنی جەماوەری ماموستایانی ئێران لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە هیچ پێداویستیەکی ئەوتۆ بۆ ڕێکخستنەکەیان لە ئارادا نەبوو. بۆ وێنە، لە ئارادا نەبوونی هیچ جۆرە ناوەندێکی سەندیکایی، نەبوونی ڕاگەیاندراوێکی هاوبەش و ڕوون کە بتوانێ تێکرای ماموستایانی مافخوازی وڵات لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە. لە مەیدان نەبوونی ئەندامانی چالاکی سەندیکایی بە مەبەستی هاندانی ماموستایان، لە ئارادا نەبوونی هەواڵگر و میدیای ئازاد و هەروەها ناڕوونی داواکاری کێشە وگرفتەکانی مانگرتووان، بەشێکن لەو هۆکارە نێوخۆییانەی کە ڕێگەیان نەدا جووڵانەوەی پیشەیی ماموستایان بەرینتر و چالاکتر ببێ. لە هەمان کاتدا نابێ ئەو ڕاستیە بشاردرێتەوە کە لە سیاسەتی ناشیانەی مودیرانی پلە بەرزی ئیدارەکانی حکومەت ستایش بکەن. بزووتنەوەی ئەمجارەی ماموستایانی ئێران لە فەزایەکدا دەستی پێکردەوە کە هەوری بێ هیوایی و بێ دەنگی بە جەستەی ئەم توێژە بەرچاو و شوێندانەرەی کۆماڵگاوە بە ڕوونی دەبیندرا. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٩ بۆ ٨٤ هەتاوی بە هەوڵ و هیمەتی تاقمێك ماموستای دەروەست، هەندێك کاری ڕێکخراوەیی بۆ ماموستایان دەستەبەر بوون، بەڵام لە ڕاستیدا پرۆسەی ڕەش کردنەوەی یەکیەتییە پیشەییەکان لە ساڵی ١٣٨٥ەوە بە چڕی دەستی پێکرد ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە کە بە بۆنەی هاتنە ئارای ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتیە نوێیەوە تەنانەت ڕاگەیەندراوێك بۆ کۆمەڵگای ئێران بڵاو بکەنەوە و لەودا کێشە و گرفتەکانیان زەق بکەنەوە. بە سەرنجدان بەوەی کە بزووتنەوەی ماموستایان بێ ئەوەی گەڵاڵەیەکی ڕوونی بە دەستەوە بێ بە خێرایی دەچێتە نێو قۆناخێکی نوێی خەباتی پیشەیی، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە کێشە و قەیرانەکانی نێو پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەك قووڵن کە ماموستایان بە شێوەی خۆڕسك دەست دەدەنە مانگرتن واقیعی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا هۆکارە دەرەکیەکانی بزاڤی پیشەیی ماموستایان لە هۆکارە نێوخۆییەکان زۆر بەرچاوتر و شوێندانەرترن. لاواز کردنی پێگەی ماموستا لە نێو کۆمەڵگەدا و درێژەی پرۆژەی ترس و بە ئەمنیەتی کردنی داخوازییەکانی ماموستایان، دوو هۆکاری دەرەکین کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە جۆری ڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی سەبارەت بە پرسی پەروەردەوە هەیە. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە گەورەترین کۆسپی دەرەکی بەردەم جووڵانەوەی سەندیکایی ماموستایان و قوتابیان، دەسەڵاتی سیاسی حاکم لە ئێران دایە. سیستمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێران بە پارێز و لە ڕوانگەی ئەمنیەتەوە بۆ مافەکانی مەدەنی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەی ئێران دەڕوانێ. کارناسانی دەستەمۆی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم، لە ڕوانگەی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینەوە لە گەڵ پرسی پەروەردە هەڵسوکەوت دەکەن. ئاماژەیەکی کورت بە مافی پێکهاتەی پیشەیی لە ناو تاقمێك لە کتێبە دەرسییەکاندا کراوە تا بەم شێوەیە هەوڵی چاوبەستنی ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و چاودێرە جیهانییەکان بدەن. لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە مەرجی سەرەکی ئازادی ڕێکخراوە و پێکهاتەی پیشەیی ئەوەیە کە پاشکۆی کردەوە چەوتەکانی حکومەت بن و بە چاوبەستراوی و لە مانگی بانەمەری ساڵی ١٣٨٨ هەتاوی دا ئاستی چالاکیەکانیان گەیاندە کەمترین ڕادەی مومکین. لەم کاتە بەم لاوە، ماموستایان دەرەتانی هیچ هەڵوێستێکی سەندیکاییان پێنەدرا، داوای ماف و ویستەکانیان نایاسایی ڕاگەیەندران. هەر جووڵانەوەیەکی سەندیکاییان بە دژایەتی لە گەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیه و سیاسەتەکانی پێناسە دەکرد. لە ماوەی ٨ساڵی ڕەبەقدا بە گوشاری ناعادڵانە بۆ سەر ماموستایان، دەفتەری یەکیەتی و کانوونە پیشەییەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ماموستایان، لە سێبەری شوومی دەوڵەتی بەناو مێهر و عەداڵەتدا داخران و بروانامەی چالاکییەکانیان بە کردەوە هەڵوەشێندرایەوە. بەڕێوەبەران و ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوە پیشەییەکان دوای شناسایی کردنیان، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانە و ناسەردمیانەی پارێزەرانی کۆنەپەرەستی و بەو پەڕی تواناوە سزایان بە سەردا سەپێندرا. تاریك پەرەستانی مێژوو هاوکات هەڵیان کوتایە سەر تێکرای ئەو سایت و وێبلاگانەی کە بە جۆرێك پێوەندیان بە چالاکیی سەندیکایی ماموستایانەوە هەبوو. درێژەی ڕەوتی سەرکوت و چاودێری دزێوی بەرپرسانی ئەمنیەتی بۆ سەر چالاکانی مافی بواری پەروەردە بە ڕادەیەك ئامانجدار بووە، کە هیچ یەك لە یەکیەتییە پیشەییەکانی نێوخۆی وڵات بواری و دەنگی ناڕەزایەتی هەڵدەبڕن. ئەگینا ئەوان باش دەزانن کە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنیەتی هەر لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە ئازادی سەندیکایی نییە و نە بە نیازیشن کێشە و قەیرانەکانی بەردەم پەروەردە چارەسەر بکرێن. بزووتنەوە ئێعترازییەکان بە ئامانجی دەستەبەر بوونی مافی پیشەیی چین یان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگا پێکدێن. ئەوان داوا لە دەسەڵات و بەرپرسانی پێوەندیدار دەکەن کە ڕێگە چارەیەك بۆ کێشە و گرفتە پیشەییەکانیان بدۆزنەوە. حکومەتە دێموکراتەکان بۆ خویان بواری چالاکی سەندیکایی خۆش دەکەن، چونکوو ئەوان چالاکی مەدەنی بە دەرفەت دەزانن. لە بەرانبەردا، بەرپرسانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نە تەنها گوێبیستی دەنگی چالاکانی مەدەنی نابن، بەڵکوو پێیان وایە کە ئازادی کاری ڕێکخراوەیی هەڕەشەیە بۆ سەر نیزامە سەرەڕۆکەیان و پاش هەر سەرهەڵدانێك بە پێی توانا بەرەوڕووی ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوە پیشەییەکان دەبنەوە.

لە ڕەوتی مانگرتنەکەی ڕۆژانی ٣٠ی بەفرانبار و ١ی ڕێبەنداندا، ماموستایانی شارەکانی کوردستان بە گشتی و یەك لەوان شاری سەقز نەخشی بەرچاویان هەبوو. هەر بۆیە ڕۆژی دوای مانگرتنەکە چەند ماموستایان بانگهێشتی ئیدارەی ئەماکن کرد و پاشان یەکێك لەوان بە ناوی ماموستا سلێمان عەبدی کە ماموستای مێکانیکی هونەرستان و مودیری «شرکت تعاونی مصرف فرهنگیان»ە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی تاوانی لە سەر نیە، ڕادەستی دادگا دەکرێ و ئێستاش تا کاتی دادگایی کردنەکەی بە بارمتە ئازاد کراوە. شایانی باسە کە ماموستا سلێمان عەبدی جگە لەوەی کە ماموستایەکی لێهاتووە، کەسایەتیەکی ناسراو و خۆشناوی شاری سەقزە و بەرپرسانی ئەمنیەتی و حکومەتیش بە ڕوونی ئاگاداری ئەم ڕاستییەن. ماموستای ناوبراو سەرەڕای کارە فەرمییەکانی، چەند کتێب و بەرهەمیشی سەبارەت بە ڕێنووسی زمانی کوردی چاپ و بڵاو کردۆتەوە کە فێرکارانی زمان و وێژەی کوردی وەك سەرچاوەی فێربوون بە کاریان دێنن. لە کۆتایدا، قۆناخی نوێی ژیانەوەی ناڕەزایەتی ماموستایان هیوا بە ماموستایانی ئیران و بە تایبەت کوردستانی ئێران دەبەخشێ، کە لە بۆنەکانی داهاتوویاندا شێلگیرانەتر لە جاران بێنە مەیدان و ویست و داخوازەکانیان داوا بکەن. ماموستایانی ئێمە دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانن کە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ناوچە ئەوەندەی گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران ناتوانن وەك هەمیشە ڕەوڕەوەی سەرکوت و کوشتارە وەگەڕ بخەن.

## گەورەترین کۆسپی دەرەکی بەردەم جووڵانەوەی سەندیکایی ماموستایان و قوتابیان، دەسەڵاتی سیاسی حاکم لە ئێران دایە

## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ دەگێڕنەوە کابرایەك هەبوو کە لە ماڵی دنیا هەر کراس و پانتۆڵێکی هەبوو، ڕۆژێك بارانێکی بەخوڕ هەموو گیانی تەڕ دەکات و بە ناچار بۆ گەرمکردنەوەی خۆی و وشککردنەوەی جلەکانی پەنا دەباتە مزگەوتی گوند و لەوێ دار دەخاتە نێو سۆبەی مزگەوت و ئاگرەکە دەکاتەوە، بەڵام ڕەشەبا و باران سۆبەکەش دەکوژێنێتەوە. کابرای هەژار هیچی بۆ نامێنێتەوە، ڕوو لە ئاسمان دەکات و دەڵێ دەی دەی! بەشکەم لە ڕقی من ماڵەکەی خۆت کاول بکەی.

ئێستاش لە نێو ئەم پاشاگەردانییەی دەڤەرەکەماندا کورد تازە دڵی بەوە خۆش کردبوو کە پاش سەدەیەك قڕکران و سووتان بە دۆلاری نەفتیی دوژمنان، ئێستا بۆ خۆی خەریکە دەبێتە وڵاتێکی نەفتی و بۆ یەکەمجار بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت، کە چی دەبێ بڵێین خوا بە زیادی نەکات، نرخی نەوت وەکوو گلۆڵەی بەختی ئەحە کلۆڵ، ڕووی لە لێژی کردووە و کلۆڵیی ئێمە تەنانەت بەشار و نەسروڵلا و خامنەیی و حەیدەر عیبادی و ئەمیری کوەیت و شێخ ولادیمیر پووتینیشی گرتۆتەوە و هەموویان گیانیان کەوتۆتە دەرپێیان. شارەزایان دەڵێن ئەگەر نرخی هەر بەرمیلێك نەوت بەو شێوەیە لە دابەزیندا بەردەوام بێت، وای لێ دێت کە نرخی خودی بەرمیلەکە چەندقات لە نەوتەکە زیاتر بێت و ناچار بن بە مەنجەڵ و قابلەمە و لەوانەشە بە دەبەی ماست و دۆ بیگوازنەوە بۆ بازاڕەکان. لەوانەشە کورد کاری خۆی ئاسان بکات و هەر خودی دەفرەکە هەنارده بکات و ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا، قەیناکا ئێمەش وەك ئایەتوڵڵا جەننەتی دەتوانین لە جیاتی سێ ژەم، هەر ژەمێك نان بخۆین، خۆ نامرین بابم!.

ـ نامەکەی مارشاڵ ئایەتوڵڵاهولعوزما دوکتور ئیمام سەید عەلی خامنەیی (ڕهههه) بۆ ئوممەتی سەرگەردانی نێو لەوەڕگەی بێ شوانی ئورووپا و ئەمریکا و بانگهێشتکردنیان بۆ سەر ئایینی ئیسلام و هاندانی لاوانی ڕۆژئاوا بۆ لای خوێندن و خوێندنەوە، لەم پەڕ تا ئەوپەڕی دنیای هەژاندووە و کارناسان و کوڕ و کۆمەڵە زانستییەکانی ئورووپای سەرسام کردووە و تازە خەریکن بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەم کابرایە بۆچی چەند سەدەیەك زووتر و لە وڵاتانی ئەواندا نەهاتبووە دنیا کە پێش بە ڕینێسانس و دەرکەوتنی فرانسیس بەیکن و ڕنە دکارت و کۆپرنیك و ... لە ساحەکەدا بگرێت. لەم پێوەندییەدا لێدوانی کۆمەڵێك کەسایەتیی ناسراوی جیهانی بە نموونە دێنینەوە:

حەسەن عەباسی، بەرپرسی ناوەندی «توێژینەوەی دۆکتۆرینالی ئاسایشی بێ سنوور» دەڵێ سەدەی ٢١ سەدەی ئیمام خامنەییە و ئەو زیاتر لە پاپای ڤاتیکان و دالایی لاما خاوەنی لێوەشاوەییە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێبەری هەموو جیهان و ئیمامێکی جیهانییە کە لە سەر گۆی زەوی کەس نیە شان لە شانی بدات. (هەڵبەت ڕوونی نەکردۆتەوە کە پاپای فەقیر و دالایی لامای دەربەدەر چۆن و کەی و لە کوێ و بۆچی و لە لایەن چ کەسانێکەوە کراونەتە ڕێبەری گۆی زەوی کە بۆ خۆیانیش ئاگایان لێی نیە و گوایە مافی عەلیاغایان خواردووە و دەبێ قەرەبووی بکەنەوە).

هەروەها حەیدەر موسلحی، جیمز باندی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات دەڵێ ئەو نامەیە ئیستکبار و ئیستعماری تۆقاندووە و کۆمەڵگای ڕۆژئاوای تووشی شۆکێکی مەزن کردووە. (بەرخی بابم! ئێوە ئەگەر ڕۆژێك جیهان تووشی شۆك نەکەن خەوتان لێ ناکەوێت. جیهان ئەو ڕۆژە تووشی شۆك دەبێ کە ئێوە ئیتر سوورپرایزێکتان پێ نەمابێت و وەك مرۆڤی ئاسایی لە دنیای دەوروبەرتان تێ بگەن، نەك وەکوو دەیڤید کاپرفێلدی سیاسەت هەر جارەو ئاژەڵێك لە کڵاوەکەتان دەربکێشن).

ئەحمەد عەلەمولهودا پێشنوێژی شەکرشکێنی مەشهەدیش دەڵێ ئەو نامەیە بەرپرسانی ئەو وڵاتانەی بێچارە کردووە. (شایەتیی ئەم قسانەش هەڵبژاردنی یۆنانە کە بەرپرسانی پێشووی ئەو وڵاتەی بێچارە کرد و ئەو لاوانەی کە نامەکەی ئایەتوڵڵایان خوێندۆتەوە، ئیستا پاش بردنەوەی هەڵبژاردن، بڕیاریان داوە وڵاتەکەیان بکەنە پێشکەشی و سەهمی ئیمامی یەکێتیی ئورووپا بۆ ئەهلی بەیتی ڕێبەری گۆی زەوی).

# تیرۆریزمی ئێران و مەرگی ئالبێرتۆ نایسمەن



ن: جۆزێف پوودێر
و: کەیهان یووسفی

کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا خوازیاری وەدەسخستنی چەکی ناوکیە، بەڵکوو ڕێژیمێکە کە بە دوای بەدەستهێنانی هێژمۆنی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئایەتوڵڵاکان و سپای پاسدارنی ئێران، پاڵپشت و پشتیوانی تیرۆریزمی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهانن. لەم دواییەدا جیهان سەرقاڵی هێرشە دڕندانەکەی جیهادییە موسڵمانە سوننەکان لە وڵاتی فەرانسە بوو کە کوژرانی ١٧ کەس و لەوانە ٤ جوولەکەی لە سوپێر مارکێتی کۆشێر لە شاری پاریسی لێکەوتەوە. هێشتا جیهان

## تیرۆریزمی جیهانیی ئێران بابەتێکی سەلمێنراوە و جێی شک و گومانی بۆ هیچ کەس نەهێشتۆتەوە

پشتیوانیەکانی ڕێژیمی شێعەی ئێرانی لە ساڵی ١٩٩٤ لە مەڕ ڕێبەریکردنی ئۆپراسیۆنی بۆمبدانان لە فیدارسیۆنی خێرخوازیی جوولەکەکانی ئارژانتینی (AMIA) لە بیر نەکردووە کە کوژرانی ٨٥ کەس و برینداربوونی ٣٠٠ کەسی دیکەی بە دواوە بوو. ئەم هێرشە تیرۆریستیە ئیسلامیە خراپترین چەشنی هێرشی تێرۆریستی لە مێژووی ئامریکای باشووردا بووە.

ئالبێرتۆ نایسمەنی ٥١ ساڵە، بەرپرسی بەدواداچوون و پێڕاگەیشتن بە دۆسیەی بۆمبدانانی بۆئێنس ئایرس لە لایەن ئێرانەوە بوو کە حکوومەتەکانی ئارژانتینی سەردەمی سەرۆك کۆماری کارلۆس مینیم(١٩٨٩-١٩٩٩) و کریستیانا فێڕناندێز کرچنێر(٢٠٠٧- هەنووکە) گرفت و کێشەیان بۆ لێکۆڵینەوەکانی سازکردووە، تەرمی ناوبراو چەن کاتژمێر پێش ئەوەیکە ئەو باس لە سازانی نێوان حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و حکوومەتەکەی کریچنێر بکات، دۆزرایەوە. ئەو بڕیار بوو قسەبکات و کۆنگرەی ئارژانتین لە ڕۆژی دووشەممەدا (٢٠١٥/١٩/١) گوێی بۆ بگرن و ئەویش بەڵگەکانی پەیوەندیدار بە ئیددیعاکەی لەمبارەوە بخاتە ڕوو.

نایسمەن هەروەها هیوادار بوو کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئارژانتین، هێکتۆر تایمرمەن تۆمەتبار بکات بەوەیکە کە سازانی لە گەڵ ئێران کردووە. نایسمەن ئێرانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە پشتی هێرش بۆ سەر بینای کۆمەڵگای جوولەکەکانەوە بووە و هەروەها ئەو تۆمەتەی دەخستە پاڵ کرچنێر کە خەریکە گرفت لە بەردەم لێکۆڵینەوەکاندا دروست دەکات کە ئەوەش وەکوو باج و ئیمتیازدانێك بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەزانی.

وال ستریت ژوورناڵ لە ڕاپۆرتێك کە ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٥ بڵاوی کردەوە باس لەوە دەکات کە «نایسمەن سەرۆك کۆمار کرچنێری بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە دانیشتنێکی نهێنیی و لە ڕێگەی ناوبژیوانێکەوە ئەو بەڵێنەی بە ئێران داوە کە لە بەرانبەر نەوتی ئێراندا، گومانلێکراوە ئێرانیەکە بپارێزێت.»

لە ٢٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٦دا، ئالبێرتۆ نایسمەن و دۆزگەرەکەی هاوکاری، مارسێلۆ مارکوز کە بە دوادچوونی ئەو دۆسیەیان دەکرد، ڕاپۆرتێکیان بڵاو کردەوە کە تێیدا پەیوەندی بەربڵاوی ناوکی نێوان ئارژانتین و ئێرانیان ئاشکرا کرد. ڕاپۆرتکە باس لەوە دەکات کە ئارژانتین بەردەوام لە حاڵی ئامادەکردنی ئۆرانیۆمی پتێندراو بە دەرجەی خوارەوە بۆ ئێران بووە و دوو وڵات خەریکی وتوێژی جیددی بۆ پەرەپێدانی هاوکاری ناوکی بوون ، ڕێك ئەو کاتەی کە بۆمبدانان و تەقینەوەکە ڕووی دابوو.

حکوومەتی ئارژانتین زۆر ئاسایی مردنی نایسمەنی بە خۆکوژی وەسف کرد. سەرۆك کۆمار کریستینا کرچنێر، کەسێك کە ئەگەر لێکۆڵینەوە و ئیددیعاکانی نایسمەن لە سەری ئاشکرا دەبوو لە گەڵ ئابڕووچوونێکی گەورە بەرەوڕوو دەبوو و بەناچار دەبێت دەستی لە کار بکشایەتەوە. ئەو ئەمەی وت، «خۆکوژی ... لە گشت بابەتەکاندا سەرەتا شۆك و دوایی پرسیار دروست دەکات». ئەمە گومانێکی بچووك دروست دەکات کە سەرۆك کۆمار کرچنێر ئایا هۆکارگەلێکی لە لا بوو کە نایسمەن بیهەوێت خۆی بکوژێت؟ ئایا ئەو لە ژێر کاریگەری ڕێکەوتنێك لە گەڵ حیزبۆڵڵا یان ئێرانیەکانی دیکە کە هێشتا دیار نیە چییە ئەم کارەی ئەنجام نەداوە؟ نایسمەن ئاشکرای کردبوو کە ئێرانیەکان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووە. ئەگەرچی زۆرێك لە نازییەکان و دژە سامیەکانی ئارژانتین دەتوانین بڵێین کە زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئەرکی لە ناوبردنی نایسمەنیان لە ئەستۆ گرتووە و بە تایبەت لە کاتێکدا لە لایەن حکوومەتی ئارژانتینیشەوە بەڵێنی پاراستنیان پێ درا بێت. یەك شت دەبێت ڕوون بکرێتەوە. ئەو هیچ هۆکارێکی بۆ خۆکوژی نەبوو. بە پێچەوانەوە، ئەو زۆر بە تامەزرۆ بوو کە لە بەرانبەر کۆنگرێسی ئارژانتیندا ڕاستیەکان ئاشکرا بکات.

بە پێی وتەکانی باشترین دۆستی نایسمەن، گوستاف پێرێدینك، نووسەری ئارژانتینیی لە دایکبووی ئیسراییل، «کەسایەتی نایسمەن و کاتی مردنی ئەوەمان پێ دەڵێت کە بۆچوونی خۆکوژی، چەمکێکی زۆر گاڵتەجاڕانەیە لەمبارەوە... ئەو پیاوێکی زۆر بە هیبەت و چاونەترس بوو کە لە بەرانبەر هەڕەشەکانی کوشتندا ڕاوەستا بوو، ئەو خۆڕاگر و پێداگر، کەسێکی باش و دلۆڤان بوو.»

بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی نایسمەنەوە، ئینتێرپۆل بڕیاری دەسگیرکردنی بۆ ٦ کەس لە ئەندامانی حیزبۆڵڵا و بەرپرسانی ئێرانی دەرکرد: عێماد فەیاز موغەنیە( فەرماندەری سەربازی حیزبۆڵڵا کە لە دەمیشق کوژرا)، عەلی فەلاحیان، موحسێن ڕەببانی، ئەحمەد ڕەزا ئەسغەری، ئەحمەد وەحیدی و موحسێن ڕەزایی. کومیتەی ئیجرایی ئینتێرپۆل بڕیاری دەستبەسەر کردنی بۆ سەرۆك کۆماری پێشووی ئێران، عەلی ئەکبەری ڕەفسەنجانی، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، عەلی ویلایەتی، باڵوێزی پێشووی ئێران لە ئارژانتین، هادی سولەیمانپوور دەر نەکرد، ئەگەرچی دۆزگەری گشتی ئارژانتین ئەوانیشی بە تۆمەتباری ئەم دۆسیە زانی بوو.

نایسمەن کە بۆ پانێلێکی کۆنگرەی ئامریکا و لە سەر داواکاری جێف دانکەن، نوێنەری کونگرێس لەبارەی ئێرانەوە بانگهێشت کرا بوو وتبووی کە : ئێران بۆ دەیەیەکە ناوچەیەکی زۆری لە ئامریکای لاتینی لە ڕێگەی دروستکردنی وێستگەی ئیتلاعاتی نهێنیەوە خستۆتە ژێر نفووزی خۆی و خەریکی ئامادەسازی بۆ بەڕێوەبردنی هێرشی تیرۆریستیە لە هەر کاتێکدا کە ئێران خۆی بڕیاری لە سەر بدات.

بە پێی لێکۆڵینەوە قووڵەکانی نایسمەن لەبارەی شێوازەکانی ئۆپراسیۆنی ئێرانیەکان، ئەو زانیبووی کە ئێرانیەکان بە شوێندانەری لە سەر دەستوپەیوەندییەکانیان دزەیان کردۆتە نێو ئارژانتین و ئامادەکاری پێویستیان بۆ هێرش بۆ سەر AMIA لە بۆئێنس ئایرس کردووە. کردەوەیەك بە شێوەی تۆڕی ئۆپراسیۆنی ئیتلاعاتی ئێرانیەکان لە بێرزیل، پاراگۆئە، شیلی، سورینام، ترینیداد و توباگۆ و گویان. بە پێی قسەکانی کلودیا ڕۆسێت، تۆڕی گویان کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئاشکرا بوو بە تەمای پیلانێکی تیرۆریستی بۆ تەقاندنەوەی هێڵەکانی سووتەمەنی لە فرۆکەخانەی جان ئێف کێندی لە نیویۆرکدا بوو.

هێرشی تیرۆریستی ئێرانیەکان لە ئارژانتین لە ١٧ی مانگی مارچی ساڵی ١٩٩٢ دەستی پێکرد، کاتێك کە بۆمبێك لە باڵوێزخانەی ئیسراییل لە بوئێنس ئایرس تەقیەوە و ٢٩ کەسی کوشت و ٢٥٠ کەسی دیکەشی بریندار کرد. لە حاڵێکدا جیهادی ئیسلامی ئیددیعای کرد کە ئەوان بەرپرسی ئەم تەقینەوەن، بەپرسانی ئامریکا و ئیسراییل لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە حیزبۆڵڵای لوبنان بکەری ئەو تەقینەوە بووە و بە فەرمانی ئێران ئەو کارەی کردووە.

تیرۆریزمی جیهانیی ئێران بابەتێکی سەلمێنراوە و جێی شك و گومانی بۆ هیچ کەس نەهێشتۆتەوەو. ABC تی ڤی لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێکەوتی ٢ی ژوویەی ساڵی ٢٠١٢ ڕایگەیاند کە « دوو پیاوی ئێرانی بە ٣٣ پۆند تەقەمەنیەوە گیراون کە بە تەما بوون هێرش بکەنە سەر بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئامریکا، ئیسراییل و بریتانیا لە وڵاتی کێنیا. «هەروەها گۆڤاری تایمز لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕاپۆرتێکی لە مەڕ پەیوەندی نێوان ئەلقاعیدە و ئێران بڵاو کردەوە. هەروەها واشگنتۆن پۆست لە ڕێکەوتی ٨ی دێسامبێری ساڵی ٢٠١١دا لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە ڕۆڵی ئێران لە تەقینەوەکانی ساڵی ١٩٩٨ لە باڵوێزخانەکانی ئامریکا لە وڵاتانی کێنیا و تانزانیا کردبوو کە دادگای فێدراڵی ئەم وڵاتە، بڕیارێکی لەمبارەوە دەرکردبوو. لە ١٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٢دا وای نێت ـ نیوز بڵاوی کردەوە کە «ئاژانسە ئیتلاعاتیەکانی وڵاتی کێنا پیلانێکی تیرۆریستیان پووچەڵ کردۆتەوە کە ئامانجی باڵوێزی ئیسراییل لەم وڵاتە بووە» و دەیان حاڵەتی دیکە.

حکوومەتی ئۆباما بە هەوڵ و تەقالای زۆرەوە بە دوای ڕێگایەك دەگەڕێت کە پەیوەندی گەرمو گوڕ لە گەڵ ئایەتوڵڵاکانی تاران دابمەزرێنێ، ئەگەرچی ئەوەی بۆ سەرۆك کۆماری ئامریکا دەمێنێتەوە تەنیا سەرشۆڕییەك لە پێناو ڕێککەوتنێك لە سەر پرۆگرامی ناوکی ئەم وڵاتەیە و هەوڵەکانی ئێران بۆ گەشەی هێژمۆنی خۆی لە ناوچەکە هەر بەردەوامە. مەرگی ئالبێرتۆ نایسمەن کاتێك چەن قات دڵتەزێنتر دەبێت کە ئامریکا نەتوانێت هەنگاوێك دژی تێرۆریزمی جیهانی ئێران هەڵبگرێت.

سەرچاوە:
http://www.
frontpagemag.
/ com



# ڕێبەندان



ڕحیم لوقمانی

له شەقامی وشەزاری ئەم شارەدا
له ڕەهێڵەی ڕێبەندانی نامۆییدا
قەڵەمەکەی من و جەلال، بۆ دوو تەڵ سۆز
بە بێ چەتری خۆشەویستێک!
دڵۆپ دڵۆپ تەنیایان لێدەبارێ
شێعرە شەقامی بێدەنگی،جمکوت لە نایلۆنی وشە!
شێعرە شەقامی ئازادی، خاڵی لە جریوەی شێعرستان!
کچە شێعرێک، لە جامی چاوی ئەواندا
تاڵەقژی وشەکانی میزان دەکات
کوڕە شێعرێک، بە ژلەی مودێرنی وشە
قژی ئاڵۆزی جوان دەکات
قەڵەمەکەی من و جەلال، بۆ دوو تەڵ سۆز
خەمی بەفرینی ئاویەر لە سەریان و
هەناری ئەشقێکی شکاو لە دڵیاندا، سەرڕێژی سوور
لە زەمەنی بەستەڵەکدا ڕەمزی ئەوین،
لە گیرفانی دۆلارەوە تەفسیر دەبێ و
وشەی ئەوین، بە قژی زستانەوە نایلۆن!
بۆ دوو تەڵ سۆز...
لە چاوی قەڵەمی منەوە دوو گلۆپ شین
لە سینگی قەڵەمی جەلالەوە دڵۆپێک سوور
بوون بە دوو تەڵ گوڵی خەندان
بۆ بەر یەخەی «دووی ڕێبەندان»

# ئاوێزە



● شۆڕش ئاهی

شـۆڕش ئاهی، کوڕی شـەهید قـادر ئاهی، سـاڵی ١٩٧٨ لە گەڕەکی سـێ ئاشانی شـاری مەهاباد لە دایکبووە.بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەکەیاندا پێشـتر کاری هونەری کراوە، ئەمیش هەر زۆر زوو ئۆگـری کاری هونەری دەبێ. پاش ئەوەی دەچنە شـاری بۆکان بە وتەی خۆی لە بەردەست مامۆستا نامۆ «سەرەتای هێڵکاری و ئەلف و بێـی هونەر» فێر دەبێ. و پاشـان لە زانکۆ تاران لەگەڵ مێژووی هونەر و شێوازە هونەرییەکان و ستایلەکانی ئاشنا بووە.

کاری هونەری سەرەتا بە شێوەکاری دەست پێکردووە، بەڵام وردە بۆی دەردەکەوێ کە لە پەیکەرتاشیدا سەرکەوتووترە.

ناوبراوە سەبارەت بە هونەر دەڵێت: «لە سەردەمی ئێستادا هونەر وەك ڕابردوو سەیر ناکرێت، هونەرەکان زۆرتر بەرەو یەکتری هاتوون و تێکەڵاو بوون، ئێستا لە دنیادا هونەری سەرکەوتوو ئەوە هونەرەیە کە توانیبێتی هونەرەکانی دیکە بێنێتە نێو خۆی و بە کاریان بێنێ».

کارەسـاتە مرۆییەکان، ترس و تۆقاندن، شەڕ، تیرۆر و جوانیناسی ئەو بابەتانەن کـە بەردەوام لە کارە هونەرییەکانـی ناوبراودا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئێسـتا لە زارۆك TVلە بەشی دیکۆراسـیۆن کاردەکا و پێی وایە دنیای منداڵانە زۆر سـەرنجی ڕادەکێشـێ و ئەمەیش دەگەڕێنێتەوە بـۆ ئەوەی کە خۆی تەمەنی منداڵی زۆر ئەزموون نەکردووە بە هۆی قوناغی ناخۆشی سیاسی و بنەماڵەیی سەردەمی منداڵی خۆی.

ـ سـاڵی ١٩٩٦ یەکەم پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا نامۆ و محەممەد موهاجر و ئەرسـەڵان ڕۆستەم زادە و هێمن قارەمانی لە پارکی میللەتی بۆکان بەڕێوە بردووە.

ـ سـاڵی ١٩٩٦ لە پێشانگای فەرزانگانی کورد لە سنە بەشداریی کردووە.

ساڵی ٢٠٠٢ لە زانکۆی ورمێ گۆڕێکی بە کۆمەڵی لە پلاستیك دروست کردووە.

ـساڵی ٢٠١١ لە شاری سنە بە هاوبەشی خێزانی کە شاعیرە لە پێشانگایەکی گشـتید ا بەشدارییان کردووە.



# هەلا



شێعری ڕەزا مەقسەدی

و: م. باران

ئەی... ئازایەتی کۆبانێ
ئەستێرە هات و دەئامێزی گرتم و دانیشت و
شێعرە تازەکەی دڵمی کرد بە شێعری کورد و
کورد گوتی : کامە گەڵا ؟ کامە درەخت دەزانێ
لە بەرابەر هێرشی بێ پسانەوەی گەڵاڕێزان
دڵی ڕووناکی گۆرانیمان شکاوە.
دەستەوە ئەژنو دانیشتم و گوتم
دەبێ سڵاو لە کچانی شکۆفا بکەین
کە لە ڕۆژگاری بێدادگەریدا لوتکەی هاوارن و
ئاگرینترین ساتەکانی مان دەبەخشن بە ڕووسووری
تا ڕۆژگار بزانێ
هێرشی ڕەش ترین ڕەشەبای پاییز
ناتوانێ بەر بە تریفەی مانگ بگرێ.
خۆزگە ئەی کۆترە سپییەکان!
لە ڕۆژهەڵاتی چاوانتانەوە
بەربەیانییەکان بە سروودێکی بەرز
مزگێنی بەهارێکی تازەتریان هێنابا.
خۆزگە کولەکوڵتان لەسەر ئاوێنە خۆینشان بدات !
ئێوە کچە درەوشاوەکانی هیوای منن!
ئێوە لە بەرابەر سەرمای بەتینی ئەو وڵاتە
گۆرانیبێژی بەهارەکانی گیانی چیمەنن

KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 646 ▪ 4 Feb 2015*

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# چاویلکەیەکی زیرەک بەرهەمهێنرا

کۆمپانیـــای بەناوبانگی چینی (بایـــدوو) یەکەمین چاویلکـــەی زیرەکی بەرهەمهێنا کـــە بە(بایدووئای) ناســـراوە و دەیەوێـــت لە ڕێگەی ئـــەم داهێنانەوە ڕکابەری کۆمپانیـــای زەبەلاحی ئەمریکی و بەرهەمە نوێیەکەی (گوگڵ گڵاس) بکات.

ئەم چاویلکە نوێیە جیاوازییەکەی ئەوەیە کە شاشەی نیە و چاویلکەکە دەکرێتە سەر، هەروەها هیدفۆنێکی پێوەیە کە دەکرێتە گوێ و بە یەکێك لە

تەنیشـــتەکانییەوە کامێرایەك بۆ وێنەگرتن و ناسینەوەی تەنەکان و توانـــای شـــیکاریی زانیارییەکانی هەیە.

کۆمپانیا چینییەکە ڕایگەیاندوە، بۆ ئەوەی باترییەکەی بەشی زۆر بکات، شاشەی بۆ دانەنراوە و ئاسانتر داتاکان دەبینرێت.

بایدووئای لەتوانایدا هەیە لەگەڵ مۆبایلە زیرەکەکاندا کار بکات، هاوکات بەکارهێنەر دەتوانێت سەردانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات.



# لەخۆشیدا گیانی لەدەستدا

لە بولغارســـتان گەنجێك بەشێوازێکی زۆر ڕۆمانسی داوای هاوسەرگیری لەخۆشەویستەکەی کرد، بەڵام ئەم شێوازە مەرگی خێرای خۆشەویستەکەی بەدوای خۆیدا پەلکێش کرد.

ئەم گەنجە پاش ئەوەی کچەهاوڕێ تەمەن ٢٩ساڵەکەی کە ناوی دیمیترینا دیمیترۆڤایە، ڕازیکرد پێکەوە بچنە شـــاری ئیبیزا لە کەنارەکانی خۆرئاوای وڵات، لەوێ چوونە لوتکەی قەدپاڵێك تا ساتی خۆرئاوابون ببینن. لەو ساتەدا کوڕەکە بەشێوەی سورپرایز داوای هاوسەرگیری لێکرد.

کاردانەوەی ئەم کچە هەڕەمەکی بوو و لەخۆشـــیدا لەملا بۆ ئەولاو بە پێچەوانەوە هەڵبەز و دابەزی دەکرد بەڵام کارەســـاتەکە لەوەدا بوو کە هاوسەنگی لەدەستداو لە بەرزایی ٦٥ پێوە، لەقەدپاڵەکە کەوتە خوارەوە و پاش چەند ساتێکی کەم لە کەوتنەخوارەوەی گیانی لەدەستدا.

مانگی بەفرانباری ڕابردووش ژن و مێردێکی لەهەســـتانی لەکاتی گرتنی وێنەیەکی ســـێڵفی لە کەناری کەندەڵانێك لە ناوچەیەکی گەشـــتیاری لە شاری کابۆدا ڕۆکای پورتوغال، بە بەرچاوی دوو منداڵەکەیانەوە، کەوتنەخوارەوە و گیانیان لەدەستدا.



# سیمان کارەبا بەرهەم دەهێنێت

زانایانی ئەڵمانی لە زانکۆی کاسڵ، سیمانێکی (چیمەنتۆ) نوێیان دروست کردووە کە جگە لە توندوتۆڵی بەهۆی تیشکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خۆرەوە کارەبا بەرهەم دەهێنێت.

ئەو جۆرە ســـیمانە نوێیە ناوی ( dyscreat ) دایزکرێتە، کە لەسەدا دووی ئەو تیشکی خـــۆرەی بەری دەکەوێـــت دەیکاتە کارەبا، زانایان پێیان وایە لەداهاتـــودا ئەم داهێنانە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا زۆرتر بکات.

زانایان دەڵێن بەهۆی ئەوەی ســـیمان لە پانتاییەکی فراوانی سەربانی بیناکان و دیوارەکاندا بەکاردێت، ئەم بەرهەمە دەتوانێت بەشی ڕوناکردنەوە و گەرم کردنەوەی ماڵێك دابین بکات.

بڕیارە ١٩ بۆ ٢٥ ئەم مانگە لە پێشـــانگایەکی کەرەستەی بیناسازی لە شاری موونیخی ئاڵمان ئەم بەرهەمە نوێیەی سیمان نمایش بکرێت.



# بەهۆی ٧ چرکەوە ٢٧ ملیۆن دۆلاری لەدەستدا

بەهۆی هەڵەیەکی بچووکەوە پیاوێکی کانادایی نەیتوانی خەڵاتێکی لاتاریی گەورە کە بەهاکەی ٢٧ ملیۆن دۆلاری کانادایيە، وەربگرێت.

لەمدواییانە دادگایەکی کانادا داوای ژمێریارێکی بەناوی جۆیڵ ئیفەرگان لـــەدژی کۆمپانیای لاتاری ڕەتکردەوە کە لەساڵی ٢٠٠٨دا خەڵاتەکەی پێ نەدابوو، چونکە ئەو پیاوە بلیتە براوەکەی حەوت چرکـــە پاش دواوادەی دیاریکراو بۆ کڕین، کڕیبوو.

دادگاکە لە بڕیارکەیدا پشـــتی بەو ڕاستییە بەستووە کە ئیفەرگان لەکاتی کڕینی دوو بلیتی لاتاری لە دووکانێك لە ناوچەی هەرێمی کێبیکی کانادا، فرۆشـــیارەکە پێی وتووە پێویســـتە پەلە بکات لە کڕینـــی ئەو دوو بلیتە پێش وادەی کۆتایی کە سەعات نۆ بووە، بەڵام ئیفەرگان بلیتی یەکەمی لەسەعات ٨:٥٩ کڕیوە و پاش حەوت چرکەش بلیتی دووەمی کڕیوە و بەهۆی ئەمەوە کۆمپانیاکە کە ناوی لۆتۆ ســـوپەرە خەڵاتەکەی پێنەداوە، هەرچەندە بلیتەکەی ڕەقەمە براوەکەی تێدا بووە.

بەمەش جەنگە یاســـاییە حەوت ســـاڵییەکەی ئەو پیاوە بۆ بەدەســـتهێنانی ئەو خەڵاتە گرانبەهایە، کۆتایی هات. ســـەرباری ئەوەش ئەو پیاوە بە تۆڕی هەواڵی بی بی سی ڕاگەیاند کە بەردەوام دەبێت لەکڕینی بلیتی لاتاری و هەلی ئەوەی هەیە جارێکی تر بیباتەوە.



## زایەڵە

# لە پەراوێزی دانیشتنی ١٣ی ڕێبەنداندا

فاتیح ساڵحی

حیزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران، وەك حیزبـــی دایك، بـــەردەوام لە مێژووی سیاســـیی خۆیـــدا باوەڕی بـــە یەکڕیـــزی و یەکگرتوویـــی هێز و لایەنـــە پێشـــکەوتنخوازەکانی بزاڤـــی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بووە و لەم نێوانەشدا ئەو هێز و لایەنانەی کە بڕوایان بە دێموکراســـی و مافـــی مرۆڤ بووە، ـ تەنانەت ئەگەر نیســـکە بڕوایەکیشیان هەبوبێت ـ زیاتر بەر ســـەرەنجی حیزبی دێموکرات بوون. بۆیە پاش هاتنە سەرکاری کۆمار ئیسلامیی و دیاریکردنی دەستەی دانوســـتانکاریی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندەکاندا، بە دوور لە هەستی دەمارگرژی و بۆ ڕێزگرتن لە بەهاکانی دێموکراسی و بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی فرەحیزبـــی، جگە لەوەیکە بە پێی دوایین داتاکانی ئەو ســـەردەمە تاکـــە حیزبی بـــێ ڕکابەری گۆڕەپانەکـــە بوو، بە بێ هیچ دردۆنگییەك، بۆ ســـەلماندنی ئەو ڕاستییە کە بڕوای بە بنەما مرۆییەکانی دێموکراسییە، خۆی نەبوارد لە بەشداریی هێـــز و لایەنە سیاســـییەکانی دیکە و بە شـــێوەیەکیش دەتوانین بڵێین، تا ئێستاش باجی ئـــەو ســـینگ فراوانییەی خۆی داوە. مەبەست لەم پێشەکییە باسکردن لەو ڕاستییەیە کە باوەڕی قووڵ بە هاوخەباتی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی چالاك لـــە گۆڕەپانـــی خەباتدا، لە پرەنســـیپە نەگۆڕەکانـــی حیزبـــی دێموکراتە. هەر بۆیـــە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا بە دوور لە ســـتاتۆی زەینی و پێگەی موجاهیدنی خەلـــق دەچێتە نێو هاوپەیمانییەك لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا و پاش ئەوەیکە هەســـت بەو واقیعە دەکات کە موجاهیدنی خەلق، بە شێوەیك لەگەڵ بەها دێموکراتیکەکان نامۆن، واز لـــەو هاوپەیمانییە دەهێنێ و دیسان خۆی دەبێتە ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی خەبات دژی ســـەرەڕۆیی و دیکتاتۆری.

لـــە دوایین نموونـــەی هەوڵەکانی حیزب بـــۆ یەکگرتوویـــی و یەکڕیـــزی لـــەم حەوتوویەدا، دەفتەری سیاســـیی حیزب، خانەخوێی ئەو هاوڕێیانە بوو کە ســـاڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لـــە حیزبی دێموکرات ئینشـــعابیان کرد و بەدەر لە هەر چەشنە یاسا و ڕێسایەکی یاسایی، ناوی حیزبی دێموکراتیـــان بـــۆ کار و چالاکییەکانیان هەڵبـــژارد. دیاردەیەك کـــە هەڵقولاوی نەبوونی یاســـا لە کاروباری حیزبیدا بوو. بەڵام بە هەر شـــێوە حیزبی دێموکرات بە هەستکردن بە ئەرك و ریساڵەتی مێژوویی خۆی بە پێی پەســـەندکراوی کونگرەی پازدەی حیـــزب، هەوڵی بێ وچانی داوە نێو ماڵی خـــۆی ڕێك بخاتـــەوە. بۆیە لە کردەوەیەکی دروســـتدا و بۆ ڕێزگرتن لە یاســـای حیزبی نـــاوی «هاوڕێیانی پێشـــووی» بۆ ئەو دۆســـتانەی کە لە حیزب جیابوونەتەوە هەڵبژارد و لەســـەر هەمان ئەو پرەنســـیپە دێموکراتیکانە، بۆ بەهێزکردنەوەی نێو ماڵی خۆی کەتووەتە دانووستان و وتوویژ لەگەڵیاندا. ئەمەش نۆرمێکـــی دێموکراتیکە و تا ڕەوینەوەی هەموو مەترسییەکان و یەکگرتنەوەیەکی دروســـت و تەندروســـت درێژەی دەبێ.

بۆیە لەم قۆناغـــەدا دەخوازێ کە حیزب بـــە وردبینییەکی تەواوەوە کۆســـپەکانی ســـەر ڕێگـــەی یەکگرتنەوە بە باشـــی هەڵســـەنگێنێ و بـــۆ یەکگرتنەوەیەکی ڕاســـتەقینە و لۆژیکیانـــە، خـــۆی لە هەراوهووریـــای مەجـــازی و مەزاجیی شـــەپۆلەکان و کەمپەینـــەکان بـــە دوور بگرێ، بـــۆ ئەوەیکە جارێکی دیکە پاش یەکگرتنەوە، ئەگەری جیابوونەوە بە ناوی حیزبـــی دێموکرات بە هەموو شـــێوەیەك بنبڕ بکرێت و چیدیکە زیاتر خەســـار بە دێموکراســـی و دوارۆژی خەبات و بەها دێموکراتیکەکان نەگات.